

# خەلیل موراد وەندی:

## زیاتر حەز بە دەنگە تیژەکان دەکەم.. ئەوانەی ئێزگەی کوردییش، زۆر لە هونەر شارەزا نەبوون.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٤ - ٤)

* خەلیل موراد خان عەلی وەلی، کە بە خەلیل موراد وەندی ناسراوە، هونەرمەندێکی دەنگخۆشی ڕەسەن و خۆشەویستی کوردستانە، لە ساڵانی شەستەکانەوە بەشێک لە گوێگران، پاشان لە ڕێی تەلەڤزیۆنەکانەوە بینەرانی کورد بە دەنگی ئاشنابوون، خاوەنی دەنگێکی زوڵاڵە، چریکە و سەدایەکەی لەناو ڕەسەنایەتییەوە هەڵقوڵاوە، ئەو ڕەسەنایەتییەی گەرمیان، لە گوند و دەڤەرەکەی خۆیەوە، چووەتە ناو هەست و نەست و ژێیەکانی دەنگ و دەمارەکانییەوە، ئەمەش تاموبۆیەکی گەرمیانیانەی ڕەسەن و تایبەتی بە دەنگ و هونەرەکەی داوە. لەوساوە تا ئەو کاتەی نەخۆشی بەرۆکی گرت، بەبێ وەستان و دابڕان، خزمەتی ئاواز و گۆرانیی کوردی کردووە و لێبڕاوانە برەوی بە ڕەسەنایەتی ئەو بوارە گرنگەی میللەتەکەی داوە.

* ئەم هونەرمەندە کە لەدایکبووی گوندی (سەید بەرزۆ)ی نزیکی شاری خانەقینە، لە ساڵی ١٩٤٧، لە خێزانێکی دەستکورت و نەدار، بەڵام کوردپەروەر و سەربەرز لەدایک بووە و چاوی بۆ دنیا هەڵێناوە، هەر لەوێش فامی کردووەتەوە و منداڵیی خۆی بەسەر بردووە. سەرەتا لە خانەقین چووەتە بەر خوێندن و لە ماڵی میمکی (جەیران عەلی ڕەزا ناسر) ماوەتەوە و قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (غازی)ی یەکەم تەواو کردووە، دوایی بۆ قۆناغی ناوەندی، هەر لە خانەقین، لە ناوەندیی خانەقین خوێندوویەتی، قۆناغی سانەوی (دواناوەندی)، لە سانەویی خانەقین لەسەر خوێندن بەردەوام بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە دوا ساڵی خوێندنەکەی

دەرنەچووە، ئیتر ڕووی کردووەتە شاری بەغدا و لە ماڵی (محەمەد بەهرام پیرداود) لە دایکەوە (مامی) ماوەتەوە، چونکە داپیری دوو شووی کردبوو، دواتر (نەجات)ی کچی ئەو مامەی دەهێنێ و دەبێتە خەزووری، لەوێش درێژەی بەخوێندن داوە.
ئەو کە ناوەندیی لە خانەقین تەواو دەکات، وەک قوتابییەکیش خوێندنی چواری سانەویشی هەر لەو شارەدا خوێندووە، لە (٥)ی سانەوی، کە ئەوکاتە شەش نەبووە و تا (٥) خوێنراوە، دەچێتە بەغدا و لەوێ ئامادەیی (التفيض)ی ئەهلی ئێواران، کە لە گۆڕەپانی (خەلانی)یە تەواو دەکات، دوا بەدوای ئەوە، لە ساڵی ١٩٦٨ لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەردەگیرێ، لە ساڵی ١٩٧٣، بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا بە دەست دەهێنێ، بەوەندەش ناوەستێ، بگرە دوای تەواوکردنی کۆلێژ، خولیا و حەزی خوێندن وای لێ دەکەن، لەسەر خوێندن بەردەوام بێ و لە ماوەی ساڵێکدا دیبلۆمی باڵا لە (ڕێگەکانی وانەوتنەوە- طرق التدريس)، لە ساڵی خوێندنی (١٩٧٤-١٩٧٥) دا تەواو دەکات.

* ئەم هونەرمەندە، دوای ئەوەی خۆی بۆ هونەر گورج دەکاتەوە و دەکەوێتە خۆی، لە ساڵی ١٩٧١، واتە لە پاش ئەوەی لە لیژنەی تاقیکردنەوەی دەنگ لە ئێزگەی کوردی، دەنگی پەسەند دەکرێ، بگرە زۆریش دەنگەکەیان بەلاوە خۆش بووە، بۆیە هەر لەو ساڵەوە بۆ هاتوچۆی ئێزگەی کوردی پێی دەکرێتەوە، پێشتریش هونەرمەند (عەلی مەردان)ی بەهۆی ئاهەنگە زۆر و بەردەوامەکانی ئەو ساڵانە ناسیوە، بۆیە زوو زوو دەچێتە لای، هەر ئەو کاتەش بووە شیعری (خۆشەویستەکەم، ئارامی گیانم)ی دەست دەکەوێ، شیعرەکە هیی م. ئیبراهیم ئەحمەدە، لەڕێی عەبدولقادر توانا کە خەڵکی سلێمانییە دەستی کەوتووە، (چووەتە لای و شیعرەکەی بۆ بردووە)، پێی وتووە ڕاستە



ئازاد عەبدولواحید ـ خەلیل موراد وەندی

شیعرەکە ڕووی دەرەوەی دڵدارییە، بەڵام دیوی ناوەوەی شیعرێکی سیاسیشە، ئەوجا ئەویش شیعرەکە دەباتە لای عەلی مەردان، کە لە هەفتەیەکدا دوو ڕۆژ لە ئێزگە ئامادە بووە، چونکە لە هەردوو لیژنەی تاقیکردنەوەی دەنگ و پشکنینی تێکستی شیعریشدا بووە، کە شیعرەکەی دەداتێ، داوای لێ دەکات، ئاوازی بۆ دابنێ، لەپاش نزیکەی (٢) مانگێک، ئاوازێکی زۆر جوان و خۆش و نایاب بۆ شیعرەکە دادەنێ، ئەویش لەگەڵ تیپی مۆسیقای ئێزگەی کوردی، دەکەوێتە مەشق و ڕاهێنان و لەسەر ئاوازەکە مەشق و پەراوەیەکی زۆر دەکات.

* هونەرمەند خۆی دەڵێ هەر پرۆڤەم لەسەر گۆرانییەکە دەکرد و دەچوومەوە لای م. عەلی مەردان، پێی دەگوتم هێشتا ماوتە و زیاتر پرۆڤەی لەسەر بکە، بۆیە دوای (٦) مانگ ئاوازەکە تۆمار دەکا، بەڵام ماوەیەکی پێ چووە تا گۆرانییەکە پەخش و بڵاوکراوەتەوە. گۆرانی دووەمی (نامەوێ نزیکی یاران)ی هەر لە ئێزگەی کوردی بەغدا تۆمار کردووە، کەچی ئەم گۆرانییە پێش (خۆشەویستەکەم) بڵاودەکرێتەوە، دوای پەخشکردنی ئەم گۆرانییە، ئەوجا گۆرانی (خۆشەویستەکەم) لە ئێزگەی کوردی بڵاو دەکرێتەوە، ئەو سەردەمە هەردوو گۆرانییەکە لەناو خەڵکیدا زۆر دەنگیان داوەتەوە و پێشوازییەکی زۆر گەورەیان لێ کراوە

و له کوردستاندا جێگەی خۆیان کردووەتەوە، من ئەوکاتە مێردمنداڵ بووم، کە گوێم لە گۆرانیی (خۆشەویستەکەم) بوو، بەو سۆز و ئیحساسە قووڵ و جوانەوە دەگوترێ، زۆر زوو چووە دڵمەوە.

* خەلیل موراد وەندی، کە لەناو خانەوادەکەی خۆیاندا، (٣) برا و (٥) خوشک بوون، لەناو خوشک و براکانیدا زیاتر ئەویان تێدا هەڵکەوتووە و دەرکەوتووە، هەر ئەویش بەتەواوی بەلای هونەردا شکاندوویەتییەوە و خۆی بۆ تەرخان کردووە، هەرچەندە یەکێک لە خوشکەکانی لەناو پرسەکاندا، بەتایبەتی پرسەی خزمان و ناسیاو و کەسە نزیکەکانی خۆیان، بە دەنگی پڕ سۆزی خۆی، مردووەکانی لاواندووەتەوە و سەردولکەی بەسەریاندا هەڵگوتووە، هەموو ئەوەشی بەبێ بەرانبەر و بەخۆڕایی کردووە، تەنیا ئەو خوشکەی لەنێو خوشکەکانی دیکەیدا وەک دەنگخۆشێک دەرکەوتووە و هونەرەکەی خۆی نیشان داوە، بەڵام لە هیچ چالاکییەکی هونەریدا، لە قوتابخانە، یان لە بۆنەکانی شارەکەیدا وەک دەنگخۆش خۆی دەرنەخستووە و دەرنەکەوتووە، نە سروودی گوتووە و نە لەگەڵ هیچ گرووپ و تیپێک بەشداری کردووە، ئەگەر بهاتبا ئەوەی بکردبا و هەلومەرجی شارەکەی، بۆ ڕەگەزی مێینە و بۆ کاری هونەریی لەبار بوایە، ئەوە وەک ئافرەتێک، لە مێژووی هونەریی شارەکەدا، ڕچەکەی دەشکاند و لەوانەبوو زۆر ئافرەتی دی چاوی لێ بکەن و بێنە پێشەوە، بەمەش هونەر لە دەڤەرەکەدا قەڵەمبازی گەورەی دەهاوێشت و زۆر پێش دەکەوت. دیارە خانەوادەکەشی بۆ هونەر هانی ئەو کچەی خۆیان نەداوە، چونکە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دواکەوتوویی کۆمەڵی کوردەواری لەو سەردەمەدا، بۆ کاری هونەری و هاتنەپێشەوەی ئافرەتان هاندەر نەبووە، بۆیە ئەویش تەنیا لە ماڵی خۆیاندا، بۆ دایک و باوک و خوشک و براکانی، یان بۆ پرسە تایبەتەکانی خزمان و کەسوکاری، بەهرەی دەنگخۆشییەکەی دەرخستووە و بەکارهێناوە و کەڵکی لێ وەرگرتووە.

* ئەگەر بارودۆخی بەدەرخستن و نواندنی ئەو بەهرەیە، بۆ خوشکەکەی لەبار نەبووبێ، ئەوە بۆ براکانی جەلیل و جەمیل وەندی کە لە خۆی بچووکتر بوون، بە شێوەیەکی دی کەوتووەتەوە، ئەو هونەرمەندە برایەکی کە ناوی (جەلیل وەندی)یە، لە سەرەتای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ شەهید بووە، وەک خەلیل وەندی دەنگی خۆش بووە، بۆیە لەگەڵ قوتابییە هاوتەمەنەکانی خۆی، (٢) جار سەردانی ئێزگەی کوردیی بەغدای کردووە و نیازی بووە گۆرانی تۆمار بکات، دواجار هەندێ گۆرانیشی تۆمار کردووە، بەڵام کەس نازانێ ئەو بەرهەمە تۆمارکراوانەی کەوتوونەتە کوێوە، ماون، یان فەوتاون. لە سەرەتای ڕاپەڕینیش، بەهۆی شەهیدبوونییەوە فریا نەکەوتووە هیچ گۆرانییەکی دی تۆمار بکات، بەڵام پێش ئەوەی شەهید بێ، لەگەڵ هونەرمەند حەمە جەزا، بە دووقۆڵی گۆرانییان گوتووە و تۆمار کراوە، ئێستا کەسوکارەکەی دەڵێن (کاسێت- نەوار)ەکە دیار نییە و نازانن کەوتووەتە لای کێ، لەوانەیە ئەوەش فەوتا بێ. وەک خەلیل موراد وەندی برای دەڵێ، لەو سەرەتای دەستپێکردنەیەوە هۆگری میلۆدی و گۆرانییەکانی فۆلکلۆری ناوچەی خۆیان بووە. سەرەتا ویستوویەتی لاسایی برا گەورەکەی (خەلیل وەندی) بکاتەوە و گۆرانی (بەو بەو)ی ئەوی گوتووەتەوە، تا بەهۆی ئەوەوە لەلای خەڵکی بناسرێ، دواتر لاسایی هونەرمەند مەزهەری خالیقی کردووەتەوە و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی ئەوی گوتووەتەوە، چونکە هێشتا نەهاتووەتە سەر ئاوازی تایبەت بەخۆی. برا بچووکەکەشی کە ناوی جەمیل موراد خان بووە، لە ١٩٨٠/١٢/١ لە شەڕی نێوان (عێراق- ئێران)دا کوژراوە، ئەو برایەی دەنگی زۆر خۆش بووە و لە جەلیل وەندی برای بەناوبانگتر بووە، گۆرانی «هەر ماڵێ گیسکێ، خۆم تەنیا گوڕێ (گوێرەکە)»ی تۆمار کردووە، ساڵی ١٩٧٨

لە هەولێر، لە هۆڵی گەل لەگەڵ هونەرمەندان: قادر زیرەک و عارەب عوسمان و جەلال سەعید و گۆرانیبێژانی دیکەی شاری هەولێر، بەبۆنەی جەژنی نەورۆز گۆرانی گوتووە. لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا لەگەڵ حەمە جەزا لە ماڵی خۆیان پێکەوە گۆرانییان گوتووە، شایانی باسە، هونەری دەنگخۆشیی خەلیل موراد وەندی و ئەو خوشک و دوو برایەی زیاتر بۆ دەنگخۆشیی باوکیان دەگەڕێتەوە، کە (لۆرەلۆر)ی بۆیان گوتووە، ئەو تەرزە هونەرەش دەچێتەوە سەر هۆرەی ڕەسەنی جافایەتی، کە لەلای ئەوان بە یەک دەنگی و دوو دەنگی گوتراوە.

* خەلیل موراد وەندی، دوای کۆتایی هێنان بە خوێندنەکەی و تەواوکردنی دیپلۆمی باڵا، گەشتی مامۆستایەتییەکەی دەست پێ دەکات و بە پیشەی مامۆستایەتییەوە خەریک دەبێ، کە بە مامۆستا دادەمەزرێ، سەرەتا لە فەللوجەی ناوەڕاستی عێراق، لە ئامادەیی فەللوجەی کوڕان (٣) ساڵ لە کەرتی پەروەردە خزمەت دەکات، ئەوجا وەک مامۆستایەک خزمەتەکەی بۆ ناو شاری بەغدا دەگوێزرێتەوە، لەوێش ماوەی (٢) ساڵ وانەی مۆسیقا و دەروونناسی لە پەیمانگەی ئامادەکردنی مامۆستایان دەڵێتەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١ لەسەر داوای خۆی خزمەتەکەی گواستراوەتەوە کوردستان و لە شاری هەولێر دەگیرسێتەوە، لەو کاتەوە کە بە ماڵەوە ڕووی کردووەتە شاری هەولێر، یەکەم جار لە سانەوی عەنکاوەی کوڕان وانەی گوتووەتەوە، پاشان لە پەیمانگەی ئامادەکردنی مامۆستایان و لە زانکۆکانی سەلاحەددین و سۆران، وانەی مۆسیقا و دەروونناسی گوتووەتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە کە لە زانکۆی سۆران بڕیاردەری بەش بووە، هەر لەوێش بەرپرسی ڕاگەیاندن و مامۆستای وانەبێژ بووە، تا ساڵی ٢٠١٧ لەوێ دەمێنێتەوە، ئیتر لەو ساڵەدا خانەنشین دەکرێ.

* ئەو هونەرمەندەی گەرمەسێر، کە هەر لە مێردمنداڵی و تافی لاوێتییەوە، حەزی لە هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی بووە و لەو کاتەوە کەڵکەڵەی گۆرانیگوتنی لەسەردا بووە، کە لە خانەقین قوتابیی خوێندنی سانەوی بووە، لەگەڵ هاوڕێکانی عومران باوەمیر و خالید خان موراد و هەردوو برا ئەحمەد و ئەکرەم ڕەشید و کەنعان خدر و حسێن عەلی عەباس وەندی پووزای و ناسر حەسەن کە دواتر زۆربەی گۆرانییەکانی بۆ تۆمار کردووە، چوونەتە (مونزریە) و (قەسری شیرین) و (سەرپێڵی زەهاو)، چونکە ئەو شارانە زۆر لە گوندەکەیانەوە دوور نەبوون، بەهۆی نزیکی ئەو شارانە لێیانەوە، بە ئاسانی چوونەتە ئەو ناوە، بە تایبەتی کە هیچ ڕێگرییەک لەبەردەمیاندا نەبووە، چونکە سنوور بۆیان کراوە بووە و کەس ڕێی ئەم هاتوچۆیەی لێ نەگرتوون، ئەو چوونانەشیان زیاتر بۆ خوێندن و سەعی کردن بووە. یەکێک لەو جارانە بەدەم ڕێگەوە، لەبەردەمی خۆیەوە گۆرانییەک بۆ خۆی دەڵێ، کە گۆرانییەکە (جوانی تۆ لەم شارەدا بێ نەزیرە)ی مەزهەری خالیقی بووە، ئەو هاوڕێیانەی کە گوێیان لە دەنگی دەبێ، زۆر بە دەنگەکەی سەرسام دەبن، هەر ئەوکاتە یەکێک لە هاوڕێکانی، (خالید خان موراد) دەیباتە ماڵی خۆیان، ئەوان لە ماڵەوە (ریکۆردەر — مسجلە)یان هەبووە، دەنگی تۆمار دەکات، هەر ئەو کاتە دەنگەکەی بۆ لێ دەداتەوە، خەلیل وەندی دەنگەکەی خۆی پێ باش بووە، هاوڕێکەشی زیاتر هانی دەدا لەسەر گۆرانیگوتن بەردەوام بێ، ئەو خولیایە لەسەریدا دەمێنێتەوە تا بۆ تەواوکردنی پۆلی (٥)ی سانەوی ڕوو دەکاتە بەغدا و لەوێ پێوەندی بە ئێزگەی کوردییەوە دەکات.

* لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکاندا ئەم هونەرمەندە چووەتە بەغدا، دوای ئەوەی لەوێ (٥)ی سانەوی تەواو دەکا، ساڵی ١٩٦٨ لە

بەشـی کوردیـی کۆلێـژی ئـاداب وەرگیـراوە، کـە قوتابـی بـووە، لـە سـاڵی ١٩٧٠ تـا سـاڵی ١٩٧٤ دەکەوێتـە نـاو کەشـوهەوای ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئاداری مێژوویی، ئـەو (٤) ساڵە کـە بـە سـەردەمی زێڕینـی گەشـەکردن و بووژانـەوەی ئەدەبیـات و هونەر و ڕۆژنامەگەریـی کـوردی دادەنرێ، ئـەو ساڵانەی بۆ بووەتـە دەرفەتێکـی زۆر گونجـاو کـە بەهرەکـەی خـۆی بناسـێنێ، ئـەو کاتـەش قوتابـی بەشـی کوردیـی کۆلێـژی ئـاداب بـووە، بۆیـە بـە دەنگـە زوڵاڵ و خۆشـەکەی، لـە هۆڵەکانی خوێندنی کۆلێژ، لەسـەر داوا و تەکلیفی هـاوڕێ قوتابییەکانی گۆرانـی بۆیـان گوتـووە، سـەرەتا بـە شـێوەزاری کەلهـوڕی دواوە و هـەر بـەو شـێوەزارەش گۆرانـی (بـەو بـەو بـەو بـەو، خانمـە خاسـەکە)ی گوتـووە، کـوڕی ئـەو هـاوڕێ و دۆسـتانەی، دەسـپێکی گۆرانیگوتنی بـووە، بـەم شـێوەیە لەگـەڵ قوتابیانـی بەشـەکەی گۆرانـی وتـووە، لـە ئاهەنگەکانـدا بـەو گۆرانییـە فۆلکلۆرییـە بـاوەی خانەقیـن، لـە بۆنـەی نیشتمانی و نەتەوەیـی و ئاهەنگەکانـی یەکترناسـیندا پتـر ناسـراوە، هەروەهـا گۆرانـی بـە عەرەبییـش گوتـووە، لەوانـە گۆرانییەکانـی نـازم غەزالـی و محەمـەد گوبانچـی و یـاس خـزر و حسـێن نیعمـە و فـازڵ عـەواد-ی گوتووەتـەوە، ئیـدی ناووناوبانگـی لەنـاو قوتابیـان و کوردانـی شـاری بەغـدا و قوتابیانـی بەشـی کـوردی و بەشـەکانی دیکـەی زانکۆکانـی بەغـدا کـە کـوردی زۆری لـێ بـوون، بڵاودەبێتـەوە، تەنانـەت لای ئـەو عەرەبانـەش کـە حەزیـان بـە گوێگرتـن لـە گۆرانـی کـوردی بـووە و تێکـەڵاوی کـوردەکان بـوون ناسـراوە، بـەم شـێوەیە کـورد و عـەرەب لـە بەغدا کـە گوێیـان لـەو دەنگـە سـازگارەی بـووە، زیاتـر هانیـان داوە لەسـەر هونەرەکـەی بـەردەوام بـێ.

* کـە دەچێتـە شـاری بەغـدا، یەکـەم جـار بەهـۆی ئاهەنگەکانـەوە، دوایـی لـە ئێزگـەی کوردیـی بەغـدا، هونەرمەنـد عەلـی مـەردان دەناسـێ، کـە ئـەو کاتـە لـە لیژنـەی تاقیکردنـەوەی دەنگـی بەهـرەدار و دەنگخۆشـەکاندا بـووە، هـەر ئـەو کاتـە لەنـاو گۆڤـار و ڕۆژنامەکانـی سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٠ و دواتـر کـە بەهـۆی ڕێککەوتننامـەی نێـوان شـۆڕش و حکوومـەت ژمارەیـان ڕووی لـە زیادبـوون کـردووە، عەبدولقـادر توانا شـیعری (خۆشەویسـتەکەم)ی بـۆ دەهێنـێ، بۆیـە کـە دەیخوێنێتـەوە، زۆر بـە دڵـی دەبـێ، شـیعرەکە لەگـەڵ خـۆی دەباتـە ئێزگـەی کـوردی و یەکسـەر ڕوو دەکاتـە لای م. عەلـی مـەردان، کـە شـیعرەکەی دەداتـێ، داوای لـێ دەکات بیخوێنێتـەوە و ئەگـەر پەسـندی کـرد ئـاوازی بـۆ دابنـێ، ئەویـش کـە شـیعرەکەی بـەدڵ بـووە، دڵـی ئـەو لاوە دەنگخـۆش و بەهـرەدارە ناشـکێنێ، کـە لەڕێـی بەشـداربوونی لـە ئاهەنگەکانـدا ناسـیویەتی، بۆیـە ئاوازێکـی زۆر جوانـی بـۆ دادەنـێ، لەپـاش ئـەوەی بەهـۆی تیپـی مۆسـیقای ئێزگـەوە، پەراوەیەکـی زۆر لەسـەر ئاوازەکـە دەکات، دواتـر گۆرانییەکـە لـە ئێزگـەی کـوردی تۆمـار دەکـرێ، ئـەم کارەشـی وەک یەکـەم هەنـگاو و سـەرەتایەکی سـەرکەوتووی تۆکمـە، زیاتـر هانـی دەدا بێتـە نـاو دنیـای گۆرانـی و مۆسـیقای کوردییـەوە، لەبەرئـەوەی ئـەو هونەرمەنـدە گۆرانییەکـەی بەکەفوکـوڵ و هەسـت و سـۆزێکی زۆرەوە گوتـووە، لـە ناخێکـی گـەرم و دڵ و دەروونێکـی هەڵقرچـاوی گەرمیانیانـەوە دەیڵـێ، بۆیـە هـەر زوو چووەتـە نـاو دڵـی گوێگرانـی و زۆر بەلایانـەوە خـۆش و لەبـەر دڵان بـووە، لەبـەر ئەوەشـە لەنـاو خەڵکـی کوردسـتاندا، وەک گۆرانیبێژێکـی دەنگخـۆش و سـەرکەوتوو، جێگـەی خـۆی لەنـاو دڵ و دەروونیانـدا دەکاتـەوە.

* خەلیـل مـوراد وەنـدی، وەک کەسـێکی هۆگـری گۆرانـی و مۆسـیقای کـوردی، هـەر لـە سـەرەتاوە حـەزی بـە خزمەتـی ئـەو هونـەرە کـردووە، هونەرەکەشـی لـە کانیـاوی ڕەسـەنایەتی هەڵێنجـاوە، لـە منداڵییـەوە گوێچکـەی بەدەنگـی زۆر دەنگخۆشـی ڕەسـەن ئـاو دراوە، بۆیـە خۆشـی وەک قـوڕگ و دەنگێکـی ڕەسـەن، بـە ئـاواز و میلۆدییـە ڕەسـەن و جوانەکانـی، توانیوتـی

خزمەتێکی بەرچاو بە هونەری کوردی بکات و ببێتە خاوەنی ستایلێکی تایبەت بە خۆی و دەنگ و شێوەی چڕینی جیاوازی هەبێ، بەمەش توانیویەتی خۆی لە هونەرمەندانی دی جیا بکاتەوە و لە کەسیان نەچێ، ئەگەرچی ئەو لە ڕێگەی ئێزگەی ڕادیۆی کرماشانەوە، سوودی زۆری لە هونەرمەندی گەورە مەزهەری خالیقی، هەروەها هونەرمەندە ڕەسەنەکانی پێش خۆی لەوانە: عەلی مەردان و خوداد عەلی و حسێن عەلی، ... تاد وەرگرتووە.

* گوتمان هونەرمەند خەلیل موراد وەندی، وەک کوردێکی نیشتمانپەروەر، کە سەرەتای دەرکەوتن و ناوبانگ پەیداکردنەکەی کەوتووەتە ناو کەشوهەوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، بۆیە لە زۆربەی هەرە زۆری بۆنەکانی نەتەوە و نیشتمان بەشداری کردووە، بەشێکی زۆری ئەو بەشداربوونانەی لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی ڕێککەوتننامەکە، لە شاری بەغدا، لە بەری کەرخ، (صدر القناة)، یان لە هۆڵی خولدا بووە، لەبەر دەنگخۆشی و خۆشەویستی هەوادارەکانی بۆ هونەرەکەی و بەهۆی هەستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەی، هەمیشە یەکێک لە بەشداربووە بەردەوامەکانی ئەو بۆنانە بووە، سەرەڕای خۆشەویستیی جەماوەرەکە بۆ خۆی و دەنگەکەی، کە لەو ساڵانە و دواتریش، دەنگەکەیان زۆر پێ خۆش بووە، لەو بۆنانەدا داوایان لێ کردووە گۆرانی بڵێ، بۆیە لە هەر ئاهەنگێکدا بەشدار بووبێ، ئەوە خەڵکێکی زۆر ئامادەی بۆنە و ئاهەنگەکان بوون و ڕوویان تێ کردووە، جار لە دوای جاریش پتر حەزیان بە گوێگرتن لە دەنگ و سەدا و ئاوازە ڕەسەنەکانی بووە و زیاتر چووەتە ناو دڵانەوە.

* خەلیل موراد وەندی، هەرچەندە لە شارەکەی خۆی (خانەقین)، کەشوهەوا و بارودۆخەکەی بۆ کاری هونەری بەگشتی و گۆرانی و مۆسیقای کوردی بەتایبەتی زۆر لەبار نەبووە، لەوەش بترازێ گۆرانی و مۆسیقا، ئەوەندە لەناو خەڵکیدا جێگەی بایەخ نەبووە، بۆیە نە لەناو ماڵەوەیان و نە لە ناو قوتابخانە و نە لە شارەکەیدا زۆر ڕەواجی نەبووە، مەگەر بەدەگمەن، دەنا تووشی کەسی وا نەبووە دەستی بگرێ و بۆ خزمەتی هونەر هانی بدا، تا ئەویش زیاتر تەشویق ببێ و بایەخی زۆرتر بە قوڕگی و بە هونەری گۆرانی بدا، بۆیە هەر کارێکی لەو بوارەدا کردوویەتی، سەرەتاکەی پتر بەهۆی سووربوون و حەزی خۆیەوە بووە، هەر خۆی لەناو کۆڕ و دانیشتنی هاوڕێ نزیکەکانی گۆرانی گوتووە و بەهرە و توانایی و دەنگخۆشییەکەی خۆی نیشانیان داوە، دواتریش هەر خۆی کە چووەتە بەغدا، پێوەندی بە ئێزگەی کوردی، لەوێشەوە بە هونەرمەند (عەلی مەردان)ـەوە کردووە، هەر خۆی بۆ یەکەم جار شیعرێکی جوانی بۆ گۆرانی پەسند کردووە و بردوویەتی بۆ لای عەلی مەردان و داوای لێکردووە ئاوازێکی بۆ دابنێ، بێگومان ئەوەش دوای ئەوە دێ کە لەلایەن ئەندامانی لیژنەکەوە، بەتایبەتی لەلایەن مامۆستا (عەلی مەردان)ـەوە دەنگی پەسەندکراوە، هەر ئەویش کە پێشتر لە ئاهەنگەکاندا گوێی لە دەنگی بووە، بێ دوودڵی شیعرەکەی لێ وەرگرتووە و بڕیاری داوە ئاوازی بۆ دانێ.

* دوای ئەو سەرەتا و قۆناغە، خەون و خولیا و ئاواتەکانی لە دنیای هونەردا گەورە و فراوانتر بوون، بۆیە ویستوویەتی بێجگە لە گۆرانیگوتن، زیاتر پەرە بە بەهرەکەی خۆی بدات و خۆی فێری ژەنینی ئامێرێکی مۆسیقا بکات، ئەوە بوو دوای ئەوەی لەسەر خواستی خۆی هاتە شاری هەولێر و بووە مامۆستا، بەهۆی هونەرمەندی میوزیکژەن و ئاوازدانەر ڕزگار حەسەن خۆشناو فێری نۆتە و عوودژەنین بوو، سوودی زۆریشی لە چەند مامۆستایەک وەرگرت، لەوانە هونەرمەند وریا ئەحمەد، بەم دوو هونەرمەندەشەوە نەوەستا، پێوەندی بە هونەرمەندانی سلێمانی: ئەنوەر قەرەداغی و خالید سەرکار و عومەر سەرکار

و ئەلبێرت عیساوە کرد، ئەوانە چەند ئاوازێکیان بۆ ڕێکخستووە و لە ژەنینی گۆرانییەکانی یارمەتییان داوە و زۆر سوودی لێیان وەرگرتووە. لە ناو هەموو ئامێرەکانی مۆسیقا، هەوڵی دا خۆی فێری ئامێری عوود بکا، بۆ ئەوەی بە باشی فێری ببێ، پێوەندی بە زۆربەی میوزیکژەنە باش و ناسراوەکانی کوردەوە کردووە، تا بەتەواوی زانیاری بە دەست بهێنێ و لێیانەوە فێر بێ، بۆیە دەڵێ ڕزگار خۆشناو لە هەموویان زیاتر لەگەڵم بوو، پاش ئەوەی فێری ئەو ئامێرە دەبێ، ئەویش لەلای خۆیەوە هەوڵی داوە، لە پەیمانگە و زانکۆکانی کوردستان، قوتابییەکانی خۆی فێری مۆسیقا و ژەنینی ئامێرێک بن، هەوڵیشی داوە خۆشەویستی هونەریان لەلا بچەسپێنێ.

* ئەو هونەرمەندە هەر لە سەرەتاوە لەسەر ڕێگەیەکی ڕاستودروست هەنگاوی هەڵێناوە و چووەتە پێش، هەر هەڵبژاردنی مامۆستای گەورەی مەقامات عەلی مەردان و نزیکبوونەوە لێی، ئەوە بۆ خۆی بڕیار و هەڵبژاردنێکی ورد و ژیرانەیە کە بەو هۆیەوە توانیویەتی ببێتە خاوەنی ئاوازێکی جوان و سەرکەوتوو، بەمە گۆرانییەکە لەناو گوێگرانی سەرتانسەری کوردستاندا دەنگدانەوەی گەورەی بووە، هەر لەو سەرەتا و هەڵبژاردنەوە کە ئەنجامی لێکدانەوە و بۆچوونێکی وردە لە هەڵسەنگاندن و سەرسامبوون بەو کەسایەتییە هونەرییە گرنگە، ئەو دەستنیشانکردنەش گرنگییەکەی لەوەدایە، ئەو هونەرمەندێکی گەرمەسێرە، تایبەتمەندی قوڕگ و دەنگەکەی لەلای کەسێکی وەک عەلی مەردان کە ئەویش هونەرمەندێکی گەرمیانییە، بەشێکی گرنگی سەرکەوتنەکەیە، دیارە ئەویش بەهرەیەکی گەورە و جیاوازی لەودا بەدی کردووە، بۆیە بەپیر داواکەیەوە چووە و ئاوازی بۆ داناوە و هانی داوە لە دەرگا گەورەکەوە بێتە ناو دنیای هونەرەوە، دواتر کە خەلیل موراد وەندی شارەزایی لە مەقاماتیشدا پەیدا دەکا، بۆ ئەو شارەزابوون و زانیاریانەی لە مامۆستایەکی گەورەی مەقامات بەدوور نەبووە، کە لە هونەرەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە و سوودی لێوەرگرتووە.

* خەلیل موراد وەندی، خۆی دەرچووی بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدایە، وەک لە قسەکانیڕا دیارە، هەر لە سەرەتاوە حەزی بە شیعر و ئەدەبیات و زمانی کوردی کردووە، لە ڕێگەی خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کوردەوە، بەسەر شیعری جوانی کوردیدا کەوتووە و شیعری جوانی هەڵبژاردووە و پەسند کردووە بۆ ئەوەی ئاوازیان بۆ دابنرێ و بیانکاتە دەسپێکی بڕینی کاروانی هونەریی خۆی، هەر ئەو چێژوەرگرتن و بەدواداچوونەش بەدوای شیعری کوردیدا بووە، دواتر وایان لێکردووە خۆیشی هەندێ شیعری جوان بۆ گۆرانییەکانی خۆی دابنێ و لەم ڕووەوە بۆ شیعری گۆرانییەکانی دانەمێنێ و پەکی نەکەوێ، بۆیە شیعری بۆ بەشێکی گۆرانییەکانی خۆی داناوە، هەر بەهۆی ئەو شارەزاییەی لە ئەدەبیات، بە تایبەتیش لە شیعردا، کارێکی وای کردووە ماوەی چەند ساڵێک لەگەڵ عەلی مەردان لە لیژنەی پشکنینی دەقی شیعر و تێکستی گۆرانیدا کار بکات، بە تایبەتی لەو کاتەدا کە قوتابی بەشی کوردیی زانکۆی بەغدا بووە، هەندێ جار کە پێویستی بە شیعر بووە، ناچار بووە شیعر بۆ خۆی دابنێ، بێجگە لەوەی شیعری خۆی لە گۆرانییەکانیدا بەکارهێناوە، شیعری خۆشی داوەتە زۆر گۆرانیبێژی دیکە، لەوانە شیعرێکی مەنەلۆجی داوەتە حەسەن دڵسۆز، هەروەها شیعر و ئاوازیشی داوەتە هەر یەک لە هونەرمەندان: حەسەن هەیاس، عەلی مەهدی، ئیسماعیل وەندی، فوئاد ئەحمەد، گوڵبەهار، جاسم وەندی و ئەحمەد شێخاڵی و زۆر کەسی دی، زۆر لە گۆرانییە تۆمارکراوەکانیشی، خۆی ئاوازی بۆ خۆی داناوە، کە لە هەشتاکان خۆی فێری مۆسیقا و ژەنینی ئامێری عوود

کردووە، دابەشکردنی مۆسیقای بۆ گۆرانییەکانی خۆی لە ئەستۆ گرتووە.

* وێستگەکانی ژیان و ڕابوردووی هونەریی ئەم هونەرمەندە، مێژوویەکی دوورودرێژ و دەوڵەمەندی هەیە، لە ماوەی پتر لە نیو سەدە کارکردن لە بواری هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا، توانیویەتی زیاتر لە (٨٠) گۆرانی بۆ ئێزگەی کوردی بەغدا تۆمار بکا، هەرچەندە وەک ئاگادارین ئەرشیڤی دەوڵەمەندی ئەو ئێزگەیە لە جەنگی هاوپەیمانان و عێراق، لە ساڵی ٢٠٠٣ بە هۆی ئەوەی ئێزگەی کوردی، بەشێکی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی عێراق بوو، بەر بۆردومانێکی وێرانکەری چڕ و خەستوخۆڵ کەوت، ئەوەی هەبوو و نەبوو لەناوچوو، ئەوی دیکەی پەرتوبڵاوبوونەوە، کە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ کەس نازانێ ئەو ئەرشیڤە دەوڵەمەندەی ئێزگەی کوردی چارەنووسی چی لێ بەسەرهات، دڵنیاشم بەشێکی زۆر گرنگی ئەرشیڤی ئەو هونەرمەندەش بەهۆی ئەو بۆردومانەوە فەوتاوە، ئەگەر لەلای خۆی، یان لەلای کەسانێک، لە ئەرشیڤی تایبەتی خۆیان نەپارێزرابێ، ئەوە ڕەنجی ئەو هەموو ساڵانەی تەمەنی بەفیڕۆ ڕۆیشتووە، بێجگە لەو گۆرانییانەی بۆ ئێزگە تۆماری کردوون، نزیکەی (٢٢ تا ٢٥) گۆرانیشی لە تەلەڤزیۆنەکانی بەغدا و کەرکووک و کەناڵەکانی کوردستان تۆمارکراون، بەداخەوە ئەو ئەرشیڤەی تەلەڤزیۆنیشی دیار نییە، تەنبەڵی و کەمتەرخەمی خۆیشی وەک هەموو هونەرمەندانی دیکەی کورد، کە بایەخ بە ئەرشیف نادەن، هۆکاری فەوتانی ئەو ئەرشیڤە هونەرییە دەوڵەمەندەیە، کە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە، دەبوو لەدوای ڕاپەڕین، کە خۆشی لە کوردستان (هەولێر) دەژیا، بەهۆی ئەو هەموو کەناڵە جۆراوجۆرانەی تەلەڤزیۆن، سەرلەنوێ کلیپ بۆ هەندێ لە گۆرانییەکانی بکات و نوێیان بکاتەوە، هەر هیچ نەبێ بۆ ئەوەی وەچەی ئەمڕۆکەمان لەو دەنگ و سەدا و هونەرە ناوازەیە بێبەش نەبن و بۆ داهاتووش لە ئەرشیڤدا هەڵبگیرین و بمێننەوە.

* ئێمە دەمێک بوو لە بەرنامەماندا بوو گفتوگۆیەکی فراوان و هەمەلایەن لەگەڵ ئەو هونەرمەندەدا بکەین، بەڵام کە درەنگ کەوت خۆی هۆکاری دواکەوتنەکە بوو، چونکە تەنبەڵی دەکرد و بەردەوام دوای دەخست، ئەم مانگە بەو مانگە و ئەو ساڵە بەو ساڵەی دەسپارد، دواجار پێش ئەوەی نەخۆش بکەوێ و جەڵتەی مێشک لێی بدا، بەڵێنی دامێ کە خۆی دێتە ڕامان و لەوێ گفتوگۆکەمان دەکەین، دوای تۆمارکردنی چەند سەعاتێک گفتوگۆ، بۆ تەواوکردنی قسەکانمان، بە داخەوە لە پڕ تووشی ئەو نەخۆشییە کتوپڕە بوو، کە لە مردن نزیکی خستەوە، بۆیە چاوەڕێم کرد تا نەختێ باشتر بوو، ئیدی وردە وردە کەوتمەوە دواندنی، سەرەتا زۆر باش هێنامان، یەکەم دانیشتنم لەگەڵی (٢) کاتژمێری دی قسەمان تۆمار کرد، زۆر باش قسەی کرد، دوایی هەر جارێ سەعاتێک، یان کەمتر گفتوگۆم لەگەڵی تۆمارکرد، ئەوە بوو چەندی پێم کرا، ئەو زانیاریانەی پێویست بوون لێم وەرگرت، پاشان کەوتمە ساغکردنەوەی زانیارییەکان، بۆ ئەوەی هیچ یەکێک لەو زانیارییانە، بە هەڵە نەچنە ناو مێژووەوە.

* لە دوماهیدا دەبێ بڵێم: ئەو کوردەوارییەی ئێمە زۆر لەگەڵ هونەرمەند و کەسە خزمەتگوزارەکانی خۆی دڵڕەق و بێوەفایە، ئەو هونەرمەندە هەڵکەوتووەی کورد، نزیکەی نیو سەدە زیاترە (٥٤ ساڵ) خەریکی خزمەتکردنی هونەری کوردییە، کە سەردەمانێک بە مەزهەری خالیقی دووەم دادەنرا، ئەو هونەرمەندەی بە هەزاران گوێگر و بینەری دڵخۆش کردووە، لە کۆڕ و مەجلیسی ڕازاوەی ڕۆژانە و شەوانە پێی سەراسیمە بوون و سەریان بۆی باداوە، بەداخەوە وەک هەموو هونەرمەندەکانی دی، بەروبوومی هونەر و ماندووبوون و ڕەنجەکەی خۆی نەچنیوەتەوە، ئەو لە ساڵی

١٩٧١ـەوە تـا ئـەم دوادواییـیـە کـە نەخۆشـی یەخـەی گـرت، بـە مەقـام و بەسـتە و ئـاوازی ڕەسـەن خزمەتـی میللەتەکـەی کـردووە، لـە پـاش نەمانـی هونەرمەنـدان: عەلـی مـەردان، خـوداد عەلـی، حوسـێن عەلـی، شـوکور خەیـات و .... بـە یەکێـک لـە درێژەپێدەرانـی مەقـام و گۆرانی و مۆسیقای ڕەسـەنی ناوچـەی گەرمیانی دەزانـم، ئەمـڕۆ ئـەم هونەرمەنـدە بـەو دۆخـە خراپـەوە دەبینیـن، بـەو داتەپیـن و تێکشـکانە دەروونـی و جەسـتەییەوە، بەرانبـەر بـەو دڵڕەقییـەی ڕۆژگار و نەخۆشـییە کتوپـڕە وەسـتاوە، ئینسـان بـە دەسـت خـۆی نییـە پەسـت و دڵتەنـگ و غەمبـار دەبـێ.

* لـەم ساڵانەی پێش نەخۆشـییەکەی، ئـەوەی پتـر خەلیـل مـوراد وەنـدی داتەپانـد و بـە جـارێ وێرانـی کرد، (ئەڵوەند)ی جوانەمەرگی کـوڕی بـوو، ئێسـتاش زوو زوو بـۆ مەرگـی ئـەو کـوڕەی، بـۆ جگەرسـووتاوی و ژیانـی پـڕ لـە ناسـۆر و کڵۆڵـی و نەهامەتیـی خـۆی، وەک بریندارێک بـە بۆنـە و بـێ بۆنـە دەگری و فرمێسـک دەڕێـژێ، گریـان و فرمێسـک ڕشـتنی ئـەو هونەرمەنـدە لـەو تەمەنـەدا، ژانێکـی بـە سـوێ دەخاتـە دڵـەوە، هـەر گریانـی پیـاو بـۆ خـۆی کارەساتە، بێدەسـەڵاتی و دەستەپاچەییە. تکایە بـا چیتـر هونەرمەنـد و نووسـەر و ڕووناکبیـرە گـەورەکان زەلیـل نەبـن و بەزەلیلـی نەمـرن، ئاخـر پێـم بڵێـن هونەرمەندێـک نزیکـەی (٥٤) ساڵ خزمەتـی هونـەر و کەرتـی پـەروەردە و فێرکردنـی کردبـێ، چـۆن دەبـێ دوا ڕۆژەکانی ژیانی، لـە چاوەڕوانی مردنـی خۆیدا بژمێـرێ، کـە هەمـوو ڕۆژێـک و سـاتێک، ڕووبـەڕووی مـەرگ دەبێتـەوە، ئاخـر خواتـان بـێ، ئـەو پیـاوە خۆشەویسـت و پـاک و دڵسـۆز و کوردپـەروەرە، کـە منیش وەک زۆر کەسـی دی ئـاگام لێیـە، ڕژێـم زۆر هەوڵـی لەگـەڵ دا و خەریکـی بـوو گۆرانییـان بـۆ بڵێـت، بـەڵام نەیگـوت و بـۆ هیـچ دەسـکەوتێک خـۆی بـە دەسـتەوە نـەدا. ئـەو کـە بـە دەیـان گۆرانـی ڕەسـەن و جوانـی تۆمـار کـردووە، مامۆسـتای زمانـی کـوردی بـووە، خزمەتـی هونـەر و زمـان و ئەدەبیاتـی میللەتەکـەی کـردووە، سـاڵانێکی زۆر لـە خوێندنـی ئامادەییـەکان و پەیمانگـەی ئامادەکردنـی مامۆسـتایان و زانکۆکانـی سـەڵاحەددین و سـۆران وانـەی هونـەری گوتووەتـەوە، دۆسـتایەتی و هاوڕێیەتـی بەهێـز و پتـەوی لەگـەڵ هەمـوو هونەرمەنـدە گەورەکانـی کـورد، تایـەر تۆفیـق، سـێوە، ڕەسـووڵ گـەردی، فوئـاد ئەحمـەد، تەحسـین تەهـا، گوڵبەهـار، عیسـا بـەرواری، عەبدوڵـڵا زێڕیـن، قـادر زیـرەک، محەمـەد عـارف جزیـری، حەسـەن گەرمیانـی، حەسـەن دڵسـۆز، جـەلال کۆچـەر، ئەحمـەد شێخاڵی و.... تـاد هەبـووە، نابـێ بـەو شـێوەیە بـژی و ژیانـی لەمـەولای بگوزەرێنـێ.

* ئـەم هونەرمەنـدە لەپێـش ڕاپەڕیـن لـە یەکێتیـی هونەرمەنـدان، دوای ڕاپەڕینیـش سـکرتێری سـەندیکای هونەرمەنـدان- لقی هەولێـر بـووە، ئەمڕۆکـە پێویسـتە هـەر زوو بنێردرێتـە دەرەوەی وڵات و چارەسـەر بکـرێ، بـە داخـەوە ئەمـڕۆ کـەس نییـە ئاوڕێکـی خەمخۆرانـەی لـێ بداتـەوە، هونەرمەنـد و نووسـەرە گـەورەکان ژیانـی فەنتازیایـی و خـۆش و پـڕ نـاز و نیعمەتیـان نـاوێ، بـەڵام کـە تووشـی گرفتێـک، نەخۆشـییەک دەبـن، هەقە بـە هانایانـەوە بچـن، ئـەوان هەمـوو شـتێکی خۆیـان بەخشـیوەتە میللەتەکەیـان: (تەمەنیـان، لاوێتییـان، خۆشـی ژیانیـان، لەشدروسـتییان)، ئـەدی نابـێ میللەتیـش لەگـەڵ ئـەو توێـژە مانـدوو و خۆبەختکـەرە ئەمـەک و وەفـای هەبـێ، بۆیـە ڕووی دەمـم دەکەمـە داوودەزگا کارگێـڕی و هونەرییەکانـی حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و دەڵێـم، تکایـە تـا کار لـەکار نەتـرازاوە، ئـەوەی پێتـان دەکـرێ بـۆی بکـەن، بـا ئەویـش وەک هونەرمەندانـی پێـش خـۆی نەبێتـە حەسـرەت و گرێیـەک لەسـەر دڵمـان و لەپاش نەمانی ئاخـی بـۆ هەڵبکێشـین و خەفەتـی بـۆ بخۆیـن. ناکـرێ هونەرمەنـدان ببنـە نێچیـری دەسـتی پشـتگوێ خسـتن و بێباکـی و کەمتەرخەمـی، هەرگیـز میللەتێـک سـەرفراز نابـێ، هونەرمەنـد و نووسـەرەکانی پشـتگوێ و پەراوێـز خرابـن.

**ڕامـان:** نـاوی دوو گۆرانبێـژی کـوردت، لـە ئێزگەی کوردیـی بەغـدا هێنـا، بێجگـە لەوانـە کەسـی دی هەبـوون کـە بینیبێتیانـت و قسـەت لەگەڵیـان کردبێ، گۆرانیبێـژی کـوردی دیکـە لـەوێ هەبوون؟

**خەلیل موراد وەندی:** گۆرانیبێژ؟

**ڕامـان:** بەڵـێ، لـە گۆرانیبێـژە کـوردەکان و ژەنیـارە کـوردەکان، کەسـی دی لـەوێ بـوون؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئەی چۆن نەبوو؟

**ڕامـان:** ئـێ باشـە، ئەوانـە کـێ بـوون، ناویـان چ بـوو؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** بەشار زاخۆلـی، عەبدوڵڵا زێڕیـن، فوئـاد ئەحمـەد بوون.

**ڕامـان:** ئەوانـە ئـەو هونەرمەندانـەن کـە لـە هەولێـر و دهـۆک و سـلێمانی و کەرکووکـەوە بـۆ تۆمارکردنـی گۆرانـی دەهاتنـە بەغـدا، دیـارە برادەریـان بـووی و هەوڵتـان داوە یەکتـر ببینـن؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** ئەوانـەی دەهاتنـە لام، هەبـوو بـرادەر بـوو، هەبـوو هـەوادارم بـوو، هەبـوو میوانـداری و دەعوەتـی دەکـردم، دەیگـوت بـا فلان شـەو بـە یەکـەوە بیـن، ئیتـر لـەو دانیشـتنانەدا دەسـت بـە گۆرانـی دەکـرا، ئـەو کەسـانە حەزیـان دەکـرد گوێیـان لـە دەنگـم بـێ.

**ڕامـان:** باشـە ئـەوە گۆرانیبێـژی کوردمـان زانـی، نـاوی کۆمەڵێکیانـت هێنـا، ئـەی لـە ئێزگـەی بەغدا لـە نـاو عەرەبـەکان، کێـت دەبینـی، لـەو ماوەیـەدا کـێ هاوڕێـت بـوو، کێـت لێیـان ناسـی؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** لـە بەغـدا دەرهێنەرێـک هەبـوو.

**ڕامان:** ناوی چ بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** حیکمەت.

**ڕامان:** نازانی ناوی باوکی چ بوو؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** حیکمـەت زەنـوون، لـە (هەمەڕەنـگ – منوعـات)ی تەلەڤزیۆنـی بەغـدا دەرهێنـەر بـوو.

**ڕامـان:** ئـەم دەرهێنـەرە چ پێوەندییەکـی بـە گۆرانیبێژانـی عەرەبـەوە هەبـوو؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** ئـەوە ژنـی هێنـا، لـە مارەبڕینەکـەی ئێمـەی دەعـوەت کـرد، منیـش بـەردەوام لـەو جێیـە (لـە بەغـدا) دەژیـام، برادەرەکانـم گوتیـان بیکـە بـە گۆرانـی عەرەبـی، تـۆ دەزانـی بـە عەرەبـی گۆرانـی بڵێـی، بـە باشـی لاسـایی یـاس خـزر دەکەیتـەوە، ئەوجـا دوای ئـەو بۆنـەی ژنهێنانـە، عەرەبەکانیـش دەعوەتیـان دەکـردم، کـە ڕوویـان لـێ دەنـام دەمگـوت قـەی چ دەکا، مـادام دوای ئـەو گۆرانیگوتنانـە بـە عەرەبـی، هەمـوو جـارێ دەعوەتـم دەکـەن، بـا دڵیـان نەشـکێنم.

**ڕامـان:** بـەڵام تـۆ پێشـتر گوتـت هونەرمەنـدی عەرەبـم بینیـوە و ناسـیوە؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** بەڵـێ، زۆریانـم دیـوە و ناسـیوە.

**ڕامـان:** بـەڵام ئەوەیـان بۆنەیـەک، ئاهەنگێـک بووە و دەرهێنەرەکـە ژنـی هێنـاوە، ئـەی لـە گۆرانیبێژەکانـی عـەرەب کێـت دەبینـی؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** هـەر ئاهەنگێـک کـە لـە بەغدا بکرایـە، بەتایبـەت ئـەوەی ئەوبەر، نـاوی چییە؟

**ڕامان:** ئەوانەی لە سەدرولقەنات ساز دەکران؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، شوێنێکی دی هەبوو.

**ڕامـان:** چونکـە لـە حەفتـاکان ئاهەنگـی زۆر دەکـرا، هەندێکیـان لـە هۆڵـی «خولـد»، لـە بـەری کـەرخ بوون.

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** ئـا، هۆڵـی خولـد بـوو، بـەڵام ئـەو مارەبڕینـە لەوبـەر، کـە کـەرخ بـوو، لـە هۆڵـی خولـد نەبـوو، ئاخـر سـەلمان پـاک و سـەدەتولهندییە هەمـووی هـەر کەرخـە.

**ڕامـان:** ئـەی لـە کـوێ بـوو، مەبەسـتت لەوبـەر، بـەری کەرخـە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، لەماڵێک بوو، ئەویش خەڵکی زۆری دەعوەت کردبوو، ئیتر ئەوە بۆ من بووە دەرفەتێک، گوتیان تۆ گۆرانی دەزانی، دەی بیڵێ، قەی چ دەکا.

**ڕامان:** ئەوانەی بانگهێشت کرابوون، بەتایبەتی بۆ گوتنی گۆرانی عەرەبیی هانیان داوی؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئا، ئەوە بوو، پێشتر جارێک ناوت هێنا، نازم نەعیم، گوتی ئوستاد، گوتم بەڵێ. گوتی تۆ بە دەنگی خۆت و منیش بە ئاواز و کەمانچەژەنینی خۆم گۆرانی عەرەبی بڵێ.

**ڕامان:** ئەوسا تۆ زیاتر لاسایی یاس خزرت دەکردەوە؟ لەو ماوەیەدا هیچ ئاوازێکی نوێت بە عەرەبی نەگوت؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، گۆرانییەکانی (نازم غەزالی)شم دەگوتەوە، لاسایی ئەویشم دەکردەوە.

**ڕامان:** وەک لە پاشان زانیتەوە و بۆت گەڕایەوە باشت گوتبوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئا، زۆریان بە دڵ بوو.

**ڕامان:** سەرەتا لە ئێزگەی کوردی مووچەت نەبوو، تا دواییش کە بەغدات بەجێهێشت هیچ مووچەیەکت بۆ نەبڕایەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** نەخێر، هەر پارچە- قتعەیەکم تۆمار کردبا، پاداشتیان بۆم سەرف دەکرد.

**ڕامان:** بۆ هەر کارێکی نوێ کە لە ئێزگە تۆمارت دەکرد پاداشتیان دەدایتێ؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، بەڵام بە هەمان شێوەی عەرەبەکان، پاداشتیان نەدەدایە هونەرمەندە کوردەکان.

**ڕامان:** لە پاداشتی هونەرمەندانی کوردیشدا، کوردەکە هەر پلە دوو بووە، ئاگام لێ بوو، پاداشتی هونەرمەند کوردەکان زۆر کەم بوو،



**بەغدا، (علوییە)، ١٩٧٢، لە ڕاستەوە: جەلیل موراد وەندی، عەزیز مینە عەلی، خەلیل موراد وەندی، یاسین حاجی قولی، حسێن عەلی وەندی.**

پاداشتی ئەوان سێ قات و چوار قات لە هیی کوردەکان زیاتر بوو.

**خەلیل موراد وەندی:** هیی ئەوان زۆر لە هیی هونەرمەندانی کورد زیاتر بوو، هیی کورد لە (١٠)، (١٥) دینارەوە دەستی پێ دەکرد، لە (٢٠) و (٢٥) دینار زیاتر نەبوو، زۆر بە دەگمەن پەنجا دینار بۆ هونەرمەندی کورد دەنووسرا، لەوانەیە گۆرانی کەسێکی وەک یاس خزر، یان ئاوازێکی درێژ، بەلانی کەم پەنجا، یان سەد دیناریان بۆی دەنووسی، لە ئاهەنگێک بەشدارییان بکردبا، بەلانی کەم سەد دیناریان وەردەگرت، چونکە ماندوو دەبوون.

**ڕامان:** پاداشتی هونەرمەندانی کورد کە هەر لە دەمی خۆیانم بیستووە، جاری وا بووە ئەوەندە کەم بووە، هەر بە سووکایەتییان زانیوە وەری بگرن، دە، پانزدە دیناریان بۆیان دادەنا، ئەوپەڕەکەی بیست، بیست و پێنج دیناریان بۆیان دەنووسی، بەڵام ئەوە هەبووە گۆرانبێژ بە جیا پاداشتیان بۆ دادەنرا، شاعیرەکە بە جیا بۆی دەنووسرا، ئاوازدانەریش پاداشتی خۆی دەدرایێ و حەقی ئەویشیان دەنووسی، بەڵام پارەیەکی

زۆر کـەم و ڕەمـزی بـوو، کـە قسـەش دەکەیـن و دەڵێیـن کـورد لـە عێـراق هەمیشـە هاووڵاتیـی پلـە دوو بـووە، پێیـان ناخۆشـە وا دەڵێیـن، ئـەی ئـەو پێوەرە پلـە دوویـی نەبـێ، چییـە؟، بـەلای منـەوە ئـەوە پلـەی سێیەمیشـە.. تـۆ لەگـەڵ ئـەو هـاوڕێ هونەرمەنـدە کـورد و عەرەبانـە لـە کافیتریـای ئێزگـە دادەنیشـتی، یـان دەچوونـە چایخانەکـەی ئـەو بـەری ئێزگـەوە لـە ساڵحییە؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** ئـەو ڕۆژەی تۆمارکردنـی گۆرانیـم هەبووایـە، ڕۆژێکیـان بـۆم دەستنیشـان دەکرد، دەیانگوت ئـەو ڕۆژەت بـۆ دیاریکراوە، تـۆ کـە دێـی بـۆ ئێزگـە، سـەعات ئەوەنـدە وەرە.

**ڕامان:** پێش تۆمارکردنی گۆرانییەکە، بۆ تۆمارکردن و مەشق و ڕاهینـان دەچووی؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامـان:** ئـەو مەشـق و ڕاهێنانـە چەنـد ڕۆژی دەخایانـد؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** مـن بـە یـەک ڕۆژ گۆرانـی خـۆم تۆمـار دەکـرد، دوا نەدەکەوتـم، هەندێک جار ئەگـەر ئـاوازەکان زەحمـەت بوونایـە، پرۆڤەیەکـم لەگـەڵ دەکـردن، لـە پـڕ دەیانگـوت مانـدوو بووین، سبەینێ وەرەوە، یـان حەفتـەی ئاییندە لـە فـلان ڕۆژ وەرەوە، لـەو ئێزگەیـە دەردەسـەری زۆرمـان دی.

**ڕامـان:** بەڵـێ، ئـەوە بارودۆخێکـی ناخـۆش بـوو، ئەو سـەردەمە ئیشـکردن قورس بوو، وەکوو ئێسـتا نەبـوو هەمـوو شـتێک ئاسـان بـێ.. باشـە هۆیەکـەی چییـە کـە تـۆ بـە یـەک جـار گۆرانییەکـەت تۆمـار دەکرد، لەبـەر ئـەوە بـووە گوێچکەیەکـی مۆسـیقیت هەبـوو، بـە باشـی لەگـەڵ مۆسـیقا دەڕۆیشـتی و نەشازت نەکردووە؟

**خەلیل موراد وەندی:** تەقریبەن، ئەمە وایە.

**ڕامـان:** یـان لـە مەقامـەکان شـارەزا بوویـت و نۆتـەت دەزانـی، دوایـی لەگەڵ بـرادەرە ژەنیارەکانت چینەدەنگـی خـۆت ڕێـک خسـتووە؟

**خەلیـل موراد وەندی:** بەڵـێ، زۆربەی ئاوازدانەرەکانیش دەیانزانـی ڕووبـەر و پانتایـی- مەسـاحەی دەنگـم هەتـا کوێ دەڕوا.

**ڕامـان:** ئەوسـا دەنگـت چەنـد ئۆکتـاڤ بـوو؟ ئێسـتا نـا، ئێسـتا ئـەوە دەڵێـی هیچـی وام پـێ نەمـاوە.

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** پێشـی دوو سـێ مانـگ تیـژ بـوو، دەنگـم مەودایەکـی باشـی هەبـوو.

**ڕامـان:** بـە داخـەوە، ئـەو نەخۆشـییە کتوپـڕە نەبووایـە چاکـت هێنـاوە، بەڕاسـتی دەنگـت زۆر خـۆش و بـە سـۆز بـوو.

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** ئاوازدانـەرەکان حەزیـان دەکـرد ئاوازێکـم بـۆ دابنێـن، تـا بایـەخ بـە ئاوازەکەیـان بدرێ، کـە ئاوازەکەیانـم دەگـوت، بـە شـانازییەوە دەیانگـوت ئـەوە ئـاوازی منـە، یەکێک لەوانـە محەمـەد قـەدری ئـاوازی بـۆ دانـاوم.

**ڕامـان:** چەنـد کەسـی دی ئـاوازی بـۆ دانـاوی، نـاوی ئەوانەشـم پـێ بڵـێ؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** چەنـد کـەڕەت بـۆی دانـاوم؟

**ڕامـان:** نـا، چەنـد کـەڕەت نـا، چەنـد کـەس؟ ئـەوە (محەمـەد قەدری)مـان زانـی، کێـی دیکەیـش ئـاوازی بـۆ دانـاوی، پێشـتر (م. عەلـی مەردان)یشـمان زانـی، یەکـەم جـار ئـاوازی بۆ دانـای.

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** بەڵـێ، سـەرەتا ئـەو دەسـتی پـێ کـرد.

**ڕامـان:** هـەر ئـەو دانـە ئـاوازەی بۆ دانـای، یـان هیـی دیکەشـی بەدواداهـات؟

**خەلیل موراد وەندی:** کێ؟

**ڕامـان:** مامۆسـتا عەلـی مـەردان هـەر ئەو ئاوازەی بـۆ دانـاوی، یـان زیاتـر بووە؟

**خەلیل موراد وەندی:** زیاتر بوو.

**ڕامان:** چەند ئاوازە، بە ژمارە پێمان بڵێ؟

**خەلیل موراد وەندی:** لە سێ زیاترە، وا بزانم چوارە.

**ڕامان:** ئەوە ئاوازەکانی (م. عەلی مەردان)مان زانی، ئەدی محەمەد قەدری چەند ئاوازی بۆ داناوی؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەشی محەمەد قەدری دوو دانە بوو.

**ڕامان:** زەحمەت نەبێ ناوەکانی دی بڵێ.

**خەلیل موراد وەندی:** ئێستا ناوی کێمان برد؟

**ڕامان:** گوتت محەمەد قەدری، دوو ئاوازی بۆم داناوە.

**خەلیل موراد وەندی:** «شیرینەکەم» ئەوە یەکێکیانە.

**ڕامان:** ئەدی ناوی ئاوازەکەی دیکەیت لەبیر ماوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، هونەرمەند وریا ئەحمەد ئاوازی بۆم داناوە.

**ڕامان:** م. وریا ئەحمەد چەند ئاوازی بۆ داناوی؟

**خەلیل موراد وەندی:** هیی ئەویش وابزانم سێ، یان چوار بوو، «شیرینەکەم» و...

**ڕامان:** نا، ئاخر ئێستا گوتت «شیرینەکەم» ئاوازی (محەمەد قەدری)یە، ئێستا ئێمە باسی م. وریا ئەحمەد دەکەین، با تێکەڵی نەکەین.

**خەلیل موراد وەندی:** ڕاست دەکەی.

**ڕامان:** گوتم م. وریا ئەحمەد چەند ئاوازی بۆ داناوی؟ سێ، یان چوار بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** کاکە چل، پەنجا ساڵە ئاوازی بۆم داناوە.

**ڕامان:** حەقتە، لەمێژە، ئەی بێجگە لەو، کێی دیکە ئاوازی بۆ داناوی؟

**لە ئێزگەی کوردی دەردەسەری زۆرمان دی.. پاداشتی هونەرمەندانی عەرەب، زۆر لە هیی هونەرمەندانی کورد زیاتر بوو.**

**خەلیل موراد وەندی:** نازانم بۆ نایەنەوە بیرم، زۆر لەمێژە.

**ڕامان:** ئەوجا تۆ دەزانی چی بکە، ئەوە ئێستا ناوەکانت لەبیر نییە، دوایی کە بەبیرت هاتنەوە دەیخەینە جێی خۆی، ئێستا سیپارەیەک، دەفتەرۆکەیەکت دەدەمێ، دەفتەرێکی چکۆلە و قەڵەمێک لەلای خۆتەوە دانێ، کە شتێکت بەبیر هاتەوە، یەکسەر بینووسە، بۆ ئەوەی جاری داهاتوو کە دانیشتین ئەوەی تۆمارت کردوون پێمی بڵێ، دەنا ئەگەر ناوی سێ کەس بڵێی و دوو کەس نەڵێی، ئەوە گلەییمان لێ دەکەن.. تۆ لەو کاتەی کە لە بەغدا بووی، مووچەخۆری ئێزگەش نەبووی، ئەی چۆن و بە چ دەژیای، بە چ ئیدارەت دەکرد؟ ژیانت چۆن هەڵدەسووڕا، بەبێ مووچە چۆن بەڕێوە دەچووی؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئەو کاتە مامۆستا بووم.

**ڕامان:** مامۆستای ناوەندی، یان سانەوی بووی؟

**خەلیل موراد وەندی:** مامۆستای سانەوی بووم.

**ڕامان:** کە لە بەغدا بەشی کوردی و دبلۆمی باڵات تەواو کرد، لە بەرنامەی خوێندنی سانەوی، ئەو ڕۆژگارە زمانی کوردی هەبوو بیڵێیتەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، لە شەشی سانەوی یەک وانە هەبوو.

**ڕامان:** ئەوە زیاتر لە ساڵانی حەفتاکانە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** لەبەر ئەوەی لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، زمانی کوردی وەک زمانێکی ڕەسمی ناسێندرابوو، بڕیار درابوو زمانی کوردی، لە

تەک زمانی عەرەبی، لە هەموو قۆناغەکاندا بخوێندرێ، لەوانەیە ئەو کاتە بووبێ وانەی کوردیت گوتبێتەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، ئێمە ١٩٧٣ خوێندمان تەواو کرد، ساڵی ١٩٧٥یش دبلۆمی باڵام تەواوکرد.

**ڕامان:** دیارە وانەگوتنەوەکەت کەوتووەتە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکان، ئەی دامەزراندنەکەت ساڵی چەند بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** دامەزراندنەکەشم کەوتە ساڵی ١٩٧٥.

**ڕامان:** دوای تەواوکردنی دبلۆمەکەت لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٤- ١٩٧٥، لە ساڵی ١٩٧٥ یەکسەر دامەزرای؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، ئاخر ساڵی ١٩٧٣ بەکالۆریۆسم تەواو کرد، ١٩٧٥ دبلۆمم تەواو کرد، وانەگوتنەوەکەم کەوتە دوای ئەو مێژووەوە، چونکە دبلۆمی باڵای خرایە سەر.

**ڕامان:** دوای ئەو دامەزراندنەت بە (٥) ساڵ، هاتیتە شاری هەولێر؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** باشە بۆ سەرەتا بڕیارت دا لە بەغدا بژی و دابمەزرێی، بۆ یەکسەر نەهاتیتەوە کوردستان؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئێمە ئەوەندە لە کوردستان نەژیابووین، پتر حەزمان لە بەغدا بوو، حەزمان لە جیهانێکی تر بوو.

**ڕامان:** هۆیەکەی چ بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** چیت عەرز کەم.

**ڕامان:** لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ بەغدا ئێزگەی لێ بووە و دەستت بە ئێزگە و تۆمار کردن گەییوە.

**خەلیل موراد وەندی:** مامۆستایەتی و وانەگوتنەوەشی تێدا بوو.



**هەولێر، (ماڵی هونەرمەند ڕزگار خۆشناو)، ٢٠٠٩/١٢/٢٤، لە ڕاستەوە: خەلیل موراد وەندی، باکووری، لالۆ ڕەنجدەر.**

**ڕامان:** یان لە ڕووی هونەرییەوە دەرفەتی پێشکەوتنی زیاتری تێدا بووە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، لە ڕووی هونەرییەوە پێشکەوتووتر بوو، ئاستی کەسەکان زیاتر بوو.

**ڕامان:** لەبیرمە ئێزگەی کوردی کۆرسی هەبوو، قادر ئەحمەد، یەکێک لە دەنگخۆشەکان بوو، نازانم بۆ هەر بە کۆرس هێشتیانەوە و دەوریان نەدایێ و ئاوازیان بۆ دانەدەنا بیڵێ، ئەو دەنگخۆشە هەر کۆرس بوو، تۆش لەوێ کۆرس بووی؟

**خەلیل موراد وەندی:** نەخێر، کۆرس نەبووم. قادر ئەحمەد دەنگی تیژ بوو، مۆرکەکەی فارسی بوو.

**ڕامان:** بەڵێ، دەنگیم بەدڵ بوو، دەچووەوە سەر هەوای فارسی، وابزانم جەلال کۆچەریش هەر کۆرس بوو، وا نەبوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەوانە بەڕەسمی لەوێ مووچەخۆر بوون؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، (ئەحمەد شێخاڵی)یش کۆرس بوو، (ڕەق)یشی لێ دەدا.

**ڕامان:** ئەوەش دەنگی خۆش بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، دەنگخۆشەکەیان

قادر ئەحمەد بوو.

**ڕامان:** گوتت مووچەیان هەبوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، ئەوان لەسەر ئێزگە مووچەیان بۆ بڕابوویەوە.

**ڕامان:** ئەوانەی بەڕەسمی لەسەر ئێزگە بوون، نازانی ژمارەیان چەند کەس بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** وابزانم چوار کەس بوون.

**ڕامان:** ئەوە سێ کەسمان زانی، ئەی چوارەمیان کێ بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** جەلال کۆچەر، ئەحمەد شێخاڵی، قادر ئەحمەد بوون.

**ڕامان:** ئەو کۆرسە ئافرەتیان لەگەڵ نەبوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، گوڵبەهاریان لەگەڵ بوو.

**ڕامان:** کەواتە چوارەمەکە گوڵبەهار بووە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** بێجگە لە بوونی گوڵبەهار، ڕۆڵی ئافرەت لە ئێزگەی کوردی زۆر لاوازە، بۆ نموونە نەسرین شێروان و گوڵبەهارێک هەن، هۆکارەکەی چییە ژمارەیان کەم بووە؟ هەر دواکەوتنی کۆمەڵایەتی بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** تا ڕادەیەک ئا، هەر ئەوەبوو، بەڵام کە پێویستی بکردبایە، بۆ گوتنی بڕگەیەک، کۆپلەیەک، دووان دەچوون لە بەشی عەرەبی، ئافرەتیان دەهێنا.

**ڕامان:** بەڵێ، ئەوە لەگەڵ هونەرمەندان شەماڵ سائیب و فوئاد ئەحمەدیش ڕووی داوە، یەکێک وابزانم ناوی «ئیمان»ە، ئەوەی کە لە گۆرانی «ئەمیرەکەم»دا بە یەکەوە گۆرانییەکە دەڵێن و لە تەلەڤزیۆن تۆمار کراوە، یەک دوو بەشداربوونی دووقۆڵییان پێکەوە هەیە.

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، «ئەمیرەکەم» گۆرانی فوئاد ئەحمەدە، ناوی ئافرەتەکەم بەباشی لەبیر نەمابوو، بەڵام زانیم کێ دەڵێی.

**ڕامان:** گوتم ئەوە ناوی «ئیمان»ە، هێنانی ئەو ئافرەتە عەرەبە، دیارە لەبەر نەبوونی ئافرەتێکی کورد بووە، بۆیە لە ناچاری پەنایان بردووەتە بەر ئەو، بەڵام نەیتوانیوە ڕۆحێکی کوردییانە بداتە ئاوازەکە.

**خەلیل موراد وەندی:** بێگومان.

**ڕامان:** باشە، ئەو ئافرەتە کوردانە تا چ ڕادەیەک هاوکاری دەکران، ڕێزیان لێ دەگیرا، ئاسانکارییان بۆ دەکرا، وەکوو گوڵبەهار و نەسرین شێروان و ئەوانی دی؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئاهەنگ و بۆنەی کەم دەکرا، ئەگەر ئاهەنگێک لە سەدرولقەنات، یان لە هۆڵی خولد کرابا، ئەوە بەشدارییان دەبوو، مائیدە نەزهەت، هەرچەندە عەرەب بوو، ئەویان دەهێنایە ئاهەنگەکانەوە.

**ڕامان:** ئاگادارم (ئەحلام وەهبی)شیان بۆ ئەو ئاهەنگانە دەهێنا.. ژیان ئەحمەد، کە ئێستا ناوی بووەتە دوکتۆر بەلقیس دۆسکی، ئەویش لە ئێزگە لەگەڵتان بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، کەم لەوێ دەردەکەوت و دەمدی.

**ڕامان:** ئەدی دەوری جەمال جەلال چی بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** جەلال کۆچەر؟

**ڕامان:** نا، ئەوەی دەیڵێم لەو چەند ساڵەی دواییدا کۆچی دوایی کرد، ژەنیاری عوودیش بوو، ناو بەناو ئاوازیشی دادەنا.

**خەلیل موراد وەندی:** خەڵکی سلێمانی بوو.

**ڕامان:** بەڵێ، ئەوەی هاتوچۆی ئێزگەی کوردیشی دەکرد؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، دەیناسم، ئەوە کەم دەهاتە ئێزگە، چونکە کۆرس و مۆرس

نەبوو، کە دەهات زیاتر گۆرانیی تۆمار دەکرد.
**ڕامان:** دەزانم، ئیشەکەی پتر گۆرانیگوتن بوو، بەڵام دەهات، گۆرانیشی هەیە، ئاوازەکانی زیاتر مۆرکێکی عەرەبیی پێوە دیارە.
**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.
**ڕامان:** ئەی عوسمان شارباژێری، پێوەندیت لەگەڵی هەبوو؟
**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.
**ڕامان:** لە بەغدا دەتبینی؟
**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.
**ڕامان:** پێوەندییەکەتان چۆن بوو؟ هەندێک باسی بکە.
**خەلیل موراد وەندی:** ئەو حەزی لە دەنگی من بوو، دەیگوت ئەم گۆرانییە بڵێ، ئەوەیان بڵێ، یان دەیگوت بەیانیش لێرەم، دەچین بۆ جێیەک، ئەوها خۆمان بین و گۆرانی بڵێین. زۆرجار دەیگوت ئەو گۆرانییە دەزانی؟ ئەوەیان دەزانی؟ زیاتر لە یەکتر بینینەکاندا گۆرانیی پێ دەگوتم.
**ڕامان:** کەواتە ئەویش لە ئاهەنگەکانی بەغدا بەشدار دەبوو؟
**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.
**ڕامان:** ئاهەنگەکان زۆرتر ئاهەنگی کوردی بوون؟
**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.
**ڕامان:** ئەو قسانە هیی سالانی ڕێککەوتنی (١١)ی یازدەی ئادارە، هیی ئەو کاتانەیە کە ئەویشی تێدا بەشدار دەبوو؟
**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، لە بۆنەکانی ئەو سالانەدا بەشدار دەبوو.
**ڕامان:** (م. باکووری)یش بەشدار دەبوو؟
**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، ئەویش بەشدار دەبوو.
**ڕامان:** ئەوە زانیمان فوئاد ئەحمەد و تەحسین تەهای تێدا بووە، دیارە (م. باکووری)یشی تێدا بووە، تۆش لەوێ بەشدار دەبووی، باشە، بە بەشداربوونی گۆرانیبێژی ناسراو، گۆرانیی باشتان لە ئاهەنگەکاندا پێشکەش کردووە؟
**خەلیل موراد وەندی:** شەوکەت ڕەشیدیش بوو، (شەوکەت)ێکی دیکەش هەبوو.
**ڕامان:** شەوکەت تۆفیق دەڵێی.. تیپەکەش تیپی ئێزگە بوو؟
**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.
**ڕامان:** ژەنیارەکان زۆربەیان عەرەب بوون؟
**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.
**ڕامان:** بۆیە ڕۆحیەتی کوردی لە ژەنینی ژەنیارەکاندا زۆر لاوازە، ئەوانە پەنجەیان کوردی نییە.

**ئاوازدانەرەکان حەزیان دەکرد ئاوازم بۆ دابنێن، تا بایەخ بە ئاوازەکانیان بدرێ.**

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، بێجگە لەوەش، ئەو ئافرەتە عەرەبانە دەهاتن، گۆرانی کوردییان دەگوت، بە پێچەوانەشەوە ئافرەتی کوردیشیان دەبرد بۆ گوتنی بڕگەیەک لە گۆرانییەکی عەرەبی.
**ڕامان:** لەو ئاهەنگانەی لە بەغدا، بە بۆنەی نەورۆز و جەژنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کوردستان ساز دەکران، گۆرانیبێژی عەرەبیشیان هێناوە؟
**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.
**ڕامان:** کێ و کێیان دەهێنایە ئاهەنگەکانەوە؟
**خەلیل موراد وەندی:** زیاتر یاس خزر و فازڵ عەواد بوون.
**ڕامان:** وابزانم سەلاح عەبدولغەفوور و ئەوانی دی، هیی ئەو سالانەی دواییین، ئەوانە فریا نەکەوتن بەشدار بن؟

**خەلیل موراد وەندی:** زۆر کەم.

**رامان:** سەعدوون جابر، ڕیاز ئەحمەد، حسێن نعمەی تێدا بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، حسێن نعمە دەهات.

**رامان:** «نخل السماوة» و ئەو گۆرانیانەی دەگوت؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**رامان:** قەت جارێک نەهاتووی لە ئاهەنگەکانی شاری هەولێر بەشدار بی؟ چونکە لە هۆڵی گەل زوو زوو ئاهەنگ دەکرا.

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، دەهاتم.

**رامان:** هەر ئەو ساڵانە دەهاتی؟

**خەلیل موراد وەندی:** جارێک هاتم، ئەوجارە لەگەڵ تیپی ئێزگە و فوئاد عوسمان بوو.

**رامان:** فوئاد عوسمان خەڵکی کوێ بوو، خەڵکی لای کەرکووک بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** نەخێر، خەڵکی هەولێر بوو.

**رامان:** تورکمانی هەولێر بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**رامان:** ئێوە بە بۆنەی چی هاتن گۆرانیتان گوت؟

**خەلیل موراد وەندی:** تیپی ئێزگە ئێمەی هێنا، پێنج شەشێک بووین.

**رامان:** ساڵی چەند بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** ساڵی ١٩٧٦، یان ١٩٧٧ بوو.

**رامان:** دوای نسکۆی شۆڕش بووە، بە بۆنەی چییەوە بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئاهەنگێکیان بۆ خەڵکی هەولێر کرد.

**رامان:** هیچ بۆنەیەک نەبوو، تەنیا ئاهەنگێکی ئاسایی بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**رامان:** ئاهەنگ لەپێناوی ئاهەنگ بووە، دیارە هیچ شتێک لە ئارادا نەبووە، بۆ نموونە جەژنی نەورۆز، یان بۆنەیەکی تایبەت هەبووبێ، کە ئەوان بە ناخێریان نەورۆزیان ناو لێ نابوو «عید الشجرة»، یان «عید الربیع»، بە جەژنی بەهار و دار و درەخت ناویان دەبرد.

**خەلیل موراد وەندی:** بۆنەیەک هەبوو، بەڵام من لەبیرم نییە.

**رامان:** هەر ئەو جارە هاتی بۆ هەولێر؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، زۆر جاری دی هاتووم.

**رامان:** ئەدی لە هەولێر چەند جاری دی بەشداریی ئاهەنگت کرد؟

**خەلیل موراد وەندی:** دوو سێ جار بۆ ئاهەنگ هاتووم.

**رامان:** ئەوە زانیمان جارێک لەگەڵ فوئاد عوسمان هاتی، جارەکانی دی لەگەڵ کێ دەهاتی؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، جارێک لەگەڵ فوئاد عوسمان هاتم.

**رامان:** جارەکانی دی لەگەڵ کێ هاتی؟

**خەلیل موراد وەندی:** لەگەڵ عیسا بەرواری، گوڵبەهار و بەشار زاخۆلی هاتم.

**رامان:** ئەی لەگەڵ ئەو دوو برایە ئەیاز زاخۆلی و ئەردەوان زاخۆلی، هیچ ئاشنایەتیت هەبوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، بەڵێ، ئەوە لە بەغدا ناسیمن.

**رامان:** ئەو دوو برایە دەنگیان زۆر خۆش بوو، بەداخەوە زوو مردن، ئەوانە هاوڕێت بوون؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، ئەوجا ئەیاز زاخۆلی نەخۆش کەوت و مرد.

**ڕامان:** زۆری نەبرد ئەردەڵان زاخۆلی براشی مرد، ئەوجا قسەمان زۆرە و تەواو نابێ، پرسیارەکان زۆرن، وەک زەردەواڵە لەلام دەوروژێن، ئێستا کەمێک باسی ئێزگەی کوردیمان کرد، باسی تیپەکەی ئێزگە، هونەرمەندانی ئێزگە، بە کورد و عەرەبیانەوە، کۆمەڵێک شتی دی ماون، لەوانە قۆناغەکانی زانکۆ کە لە بەشی کوردی خوێندووتە، دوایی چی تریشت بەخەیاڵدا هات، لە چوارچێوەی ئەو قسانەمان کە بەبیرت هاتنەوە پێم بڵێ، ئەگەر زانیت بارودۆخی تەندروستیت باشە، تەلەفۆنم بۆ بکە، خۆم دێمەوە لات و ئیشەکانمان تەواو دەکەین.. بە ڕای تۆ ئەو ئیشانەی ئێمە دەیانکەین چۆنن؟ ئەوەی دەیکەین پێت باشن؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئەوەی ئێوە دەیکەن، کاری زۆر باشن.

**ڕامان:** ئەوەی ئێمە دەیکەین، کە لەگەڵ زۆربەی هەرەزۆری هونەرمەندەکان گفتوگۆمان کردووە، ئەوەی کە نەمکردووە هەر ئەوەیە فریای نەکەوتووم، لەوانە مامۆستایان: عەلی مەردان، محەمەدی ماملێ، تەحسین تەها، ئەگینا لە هۆمەر دزەیی و فوئاد ئەحمەدەوە بیگرە، هەتا هەموو هونەرمەندانی هەولێر، سلێمانی، دیوی ئەودیو ناسری ڕەزازی، عەباس کەمەندی و عەزیزی شاهڕوخ، لەگەڵ زۆربەیان گفتوگۆمان کردووە، ئەوانەی سلێمانی و هەولێر، یان سلێمانی کەریم کابان و حەمەی نێرگزی تێدایە، بەشی هەرە زۆری گۆرانبێژەکان قسەمان لەگەڵیان کردووە، ئەوەی کە فریای نەکەوتووین، هیی ئەوەیە زووتر بەر ڕەحمەت خودا چوونە، بۆیە هەستم کرد کەموکوڕییەکی گەورەیە گفتوگۆ لەگەڵ تۆ نەکەین، تۆ پێت باشە ئەو کارانە دەکەین؟

**خەلیل موراد وەندی:** من نەک هەر پێم باشە، بگرە وانەیەکم دەداتێ، پێداچوونەوەیەکی زیندووە بۆ ئەو کەسانەی نەماون، ئەوجا ڕووبەڕوو بیروڕا و مێژوو و ڕووداوەکان، لە کەسەکە وەردەگری و هەمووی لە جێی خۆی دادەنێی و لە زەمەنی خۆی پێشکەشیان دەکەی، شێوازەکەشت هەتا بڵێی کورد گوتەنی لایقی کەسەکەیە.

**ڕامان:** ئەوەی ڕۆژنامەنووسان بە گشتی، ئەوانەی کە پێیان دەگوترێ «ڕۆژنامەنووسی سەفەری»، ڕۆژنامەنووسی سەرپێی، یان ئەوانەی ئیش هەڵدەکڕووزێنن و دەیانەوێ هەر چۆنێکە پێک بێ، چوار پێنج پرسیار دەهێنن، کە زۆربەیان کڵێشەیین، دەینێرن بۆ هونەرمەندێک، نووسەرێک، ئەوانیش بە ئیمێڵ بە چەند دێڕێک وەڵامی دەدەنەوە، ئەوەی ئێمە بە گفتوگۆی ڕووبەڕوو، کەسەکە دەدوێنین، پرسیاریش پرسیار ڕادەکێشێ، ئەوەش بە مانای وشە گفتوگۆیە، هەڤپەڤین کە بەرانبەر حیواری عەرەبییە، هەڤپەیڤینەکە چییە؟ تۆ جاری وا هەیە بیروڕایەک دەدەی، گفتوگۆی لەگەڵ دەکەی، لە هەندێک شوێن کە پرسیارێکم کردووە، کە وەڵام دەدەیتەوە و قسەیەک دەکەی، پرسیارێکی دی دێنێتە پێشەوە، پرسیارەکە خۆی دەسەپێنێ، ئیتر بەو شێوەیە گفتوگۆیەکی زیندوو دەردەچێ، خوێنەریش ئەو شێوازەی پێ خۆشە، بە تایبەتی کە دەیەوێ هەندێک وردەکاری لە ئەزموون و تەمەن و وێستگەکانی ژیانی نووسەر و هونەرمەندەکە بزانێ.

**خەلیل موراد وەندی:** وەک کورد دەڵێ قسە قسە دێنێ.

**ڕامان:** قسە قسە ڕادەکێشێ، بۆیە ئەو گفتوگۆیانە ڕووبەڕوو گرنگترن، لەپێش هەموو شتێکەوە ڕاستگۆیی تێدایە، دووەمین عەفەویەتی تێدایە، سێیەم هەندێک ڕووداو و مێژوو و بیروڕا هەن لەناو خەیاڵتدا نووستوون، بەڵام بەهۆی گفتوگۆ و پرسیارەکانەوە بەئاگا دێن و دەهانهێنینە پێشەوە،

با ئەمڕۆ لەوە زیاتر هیلاکت نەکەم.

**خەلیل موراد وەندی:** دەستەکانت خۆش بن.

**ڕامان:** ئەمڕۆ جارێکی دی لە ماڵی هونەرمەندی خۆشەویست خەلیل موراد وەندی، بە دیداری گەیشتمەوە، دوای ئەوەی پێشتر چەند جارێکی دی قسەمان لەگەڵ کردبوو، بۆ درێژەدان بە قسەکانمان بە دیداری گەیشتمەوە بۆ ئەوەی هەندێک زانیاری دیکەی لێ وەربگرم.. ئێمە لە قۆناغەکانی خوێندنتەوە هێنامان، لە بارەی قۆناغی سەرەتایی قسەت بۆ کردم، ئەوجا باسی مامۆستاکانت بۆ کردین، مامۆستایانی هەموو وانەکانت، بە تایبەتی وانەی هونەر و سروود، دوایی چووینە سەر قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی (سانەوی)، ئەوجا ویستت باسی بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا تەواو بکەی کە لەوێ وەرگیرای، ئەوسا کورد بە شێوەیەکی گشتی وا بوو، لەبیرمە ئەگەر خێزانێک دەوڵەمەند نەبوایە، دەستکورت و هەژار، یان گوزەرانیان مام ناوەند بووایە حەزیان دەکرد منداڵەکەیان بچێتە خانەی مامۆستایان، یان لە شوێنێکی وا وەربگیرێ و زوو خوێندن تەواو بکا و دەستی لە نانێک گیر بێ و دامەزرێ و ببێ بە مامۆستا، بۆیە زۆر جار خەون و ئاواتی تەواوکردنی خوێندنی بەرز و زانکۆ لەلای ئەم ماڵانە نەبووە و بۆ هەموو کەس نەلواوە لە زانکۆ بخوێنێ، دیارە تۆش لە خێزانێک نەبووی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو بووبن، بەڵام حەزت کردووە بچیتە زانکۆ بخوێنی، ئەمە چۆن بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** ڕاستە، ئێمە دەوڵەمەند نەبووین، بەڵام ئەوەندەمان هەبوو پێی بەڕێوە بچین.

**ڕامان:** هەر ئەوەندەی کە پێی بژین، ژیانێکی هاکەزایی، ئەوجا زەمانی زوو خێزانەکان منداڵیان زۆر بووە، هەر خێزانێک بە لانی کەم حەوت هەشت منداڵی هەبووە، ئەگەر دە و دوازدەی نەبووبێ، بۆیە ویستوویانە منداڵەکانیان بە هەر جۆرێک بێ، بە زووترین کات بگەنە نانی خۆیان و دامەزرێن، ئەوجا مامۆستایەتی، یان وەزیفەیەکی ئاسایی بووبێ، نازانم هیی تۆش هەر ئەوها بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، هیی ئێمەش ئەوها بوو، هەتا دەستمان بە ئیشێکی تازە بگات.

**حسێن وەندی (پووروزای):** بۆ بەڕێوەچوونی ژیانی ئەو، چونکە من کاری بازرگانیم دەکرد، ڕۆژانە نیو دینارم دەدایێ، هەروەها ئۆتۆمبیلەکەی خۆشم دەدایێ هاتوچۆی زانکۆی پێ بکات، ڕۆژانە نیو دینارەکەم بۆی دەخستە سەر دەشبوولی ئۆتۆمبیلەکەوە.

**ڕامان:** ئێستا خۆت لە کوێی هونەردا دەدۆزیتەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** هونەر لکوپۆپی زۆرە، بەتایبەتی لە هونەری گۆرانی ئەوەمان دەست کەوتووە بڵێین، کە لە کوێوە هاتووین و گەیشتووینەتە کوێ.

**ڕامان:** خۆت حەزت لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئاداب بوو، کە بۆی چووی، یان لە ماڵەوە هانیان دای بچیتە ئەو بەشەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** خۆم حەزم لێ بوو، لەو سەردەمەدا هەرچییەک ڕێک بکەوتایە پەنامان بۆی دەبرد، بەندەش پێم باش بوو لەپاڵ خوێندنەکەم لەو بەشەدا، وەک هونەری گۆرانی و میوزیک خزمەتێک بکەم.

**ڕامان:** باسی ئەو کەشوهەوایەی بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابمان بۆ بکە، ئەو کاتە کە ئێوە گەنج بوون، سیاسەت هاتە ناو ژیانتانەوە؟ یان ڕێکخستنی نهێنی و ئیشکردن لە سیاسەت و کۆبوونەوە و کوردایەتی کردن، یان لە ڕووی

هونەرییەوە لە کۆلێژ تووشی کێ بووی هاندەرت بووبێ بۆ ئەوەی گۆرانی بڵێی و لەو بوارەدا ئیش بکەی و لە ئاهەنگەکاندا بەشداری بکەی؟ لە بەشی کوردی مامۆستاکانتان هونەرمەندی تێدا هەڵکەوتبوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەو مامۆستا هونەرمەندە، یان هونەردۆستە کێ بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** مامۆستا (ئیسحاق)ێکمان هەبوو.

**ڕامان:** کریستیان بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** ناوی باوکی نازانی؟

**خەلیل موراد وەندی:** نایەتەوە بیرم، ئا، باوکی ناوی پۆڵس بوو.

**ڕامان:** ئەوە مامۆستای چی بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** مامۆستای ئینگلیزیمان بوو.

**ڕامان:** مامۆستا ئیسحاق حەزی لە ئەدەب و هونەریش بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** حەزی لە هونەر بوو، بەڵام تەئسیرێکی وای لەسەرم بەجێ نەهێشت، تا جێگەیەک بۆخۆی بدۆزێتەوە و لەسەری بەردەوام بم.

**ڕامان:** لە گۆرانی، شێوەکاری، مۆسیقا، حەزی لە چ بەشێکی هونەر بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** حەزی لە گۆرانی بوو.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایە دەنگی خۆش بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، بەڵام کورتکراوەیەکی هەبوو، هەتا ئەو کاتەی لە کۆلێژ دەرچووین، هەر بە دەستمەوە بوو.

**ڕامان:** کورتکراوەکە چ بوو؟ کتێبێکی دیاریکراوی کورت کردبووەوە، چی کورت کردبووەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، زانیاری لە بارەی هونەرەوە کۆکردبووەوە و لە خەڵکی دەپرسی.

**ڕامان:** پێوەندی بە چ لقێکی هونەرەوە هەبوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بە گشتی توێژینەوەیەکی لە بارەی هونەرەوە کردبوو.

**ڕامان:** نیازی بوو بیکا بە کتێب، یان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوی بکاتەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئەوە نازانم.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایە بخەرە ئەولاوە، دیارە زۆر سوودت لێ وەرنەگرتووە، ئەی ئەوانی دی کێ بوون، کە مامۆستای وانەی هونەرتان بووبن؟ ئەوانە چییان بۆتان کرد؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئەوانە زیاتر خەریکی ئەدەب و هونەری کوردی بوون، ئیتر ئێمەش لابەلا شتێکمان لێ وەردەگرتن و تێکەڵی یەک دەکران.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایانە، مامۆستای چ بەشێک بوون، مامۆستایانی بەشی کوردی بوون؟

**خەلیل موراد وەندی:** لە بەشی کوردی هەبوون، بەڵام هێشتا بەشەکە بە تەواوی لەسەر پێی خۆی ڕانەگیرابوو.

**ڕامان:** دیارە لە بەشەکەتان وانەیەک بووە؟

**خەلیل موراد وەندی:** وانەیەک بوو، لابەلا کاریان تێدا دەکرد.

**ڕامان:** ئەو کاتە حکوومەت ڕێگەی دابوو بایەخ بە هونەری کوردی بدەن؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، سێ بەشی وانەکانمان کوردی بوون، دەرسمان بکردایەتە چی، ئەوە بەشەکانی دی یارمەتیی بەشی کوردییان دەدا.

**ڕامان:** شێوازی گوتنەوەی وانەکان، زمانی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی هەن، ئەو شتانە دەگوترێتەوە، ئەو وانە سەرەکییانەتان هەبووە، بەڵام ئەگەر مامۆستایەک خۆی گیانێکی

کوردانەی هەبووبێت، ئەوە دەیتوانی جار بە جار قوتابییەکانی هان بدا بۆ ئەوەی باشتر فێری زمانی کوردی بن، ئەدەبی کوردی بخوێننەوە و خۆشیان بوێ، هونەری کوردی پێش بخەن، یان گۆرانی بڵێن و بۆ هونەر هانیان دەدا، ئەوەی ئێوەش ئەوها بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بێگومان ئەوها بووە، زۆربەی ئەوانەی دەهاتنە لامان، هەم بەکردەوە، هەم بە دەم و بە قسە، پاڵپشتیی ئەو بەشەیان دەکرد.

**ڕامان:** ئاخر ئەو زەمانە باوەڕ ناکەم ئەو جۆرە مامۆستایانە ژمارەیان زۆر بووبێ، دواتر لە زانکۆ بەشی کوردیت خوێندووە، ژمارەیان زۆرتر بووە، بەڵام کە لە خانەقین قوتابی بووی، پاشان کە چوویتە بەغدا و دەچیتە بەشی کوردی، بارودۆخەکە دەگۆڕێ و بەرەو باشتر دەچێ؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، وا بوو.

**ڕامان:** تۆ کە چوویتە بەشی کوردیی کۆلێژی ئاداب، لەو قۆناغەدا، لە ڕووی هونەرییەوە هیچ سوودت لێ وەرگرت، ئەو قۆناغە هیچ سوودی بۆت هەبوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** نەخێر.

**ڕامان:** لە ئاهەنگەکان بەشدار دەبووی؟ ئاهەنگی یەکترناسین، یان بۆنەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردی؟

**خەلیل موراد وەندی:** زۆر کەم، ئاهەنگەکان بە ژمارەی پەنجەکانی دەست بوون.

**ڕامان:** واتە لە ماوەی چوار ساڵەکەی خوێندنت، چەند ئاهەنگێکی سنووردار هەبووە، بە تایبەتی بە بۆنەی نەورۆزێک، یان بۆنەیەکی نیشتمانی؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئا، بۆنەیەک نەبووایە هیچ شتێک نەدەکرا.

**ڕامان:** کەواتە زیاتر ڕوویان دەکردە بۆنەی کوردی، بۆنەی کوردی وەکوو نەورۆز؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، بەڵام زۆر کەم بوو.

**ڕامان:** ئەو کاتە یادی نەورۆز یاساغ نەبوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** نەوەڵڵا.

**ڕامان:** دیارە هەر ئەوەندە پشتیوانییان لێ کردووە؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئەی چی.

**ڕامان:** کە بڕیارت دا بەشی کوردی لە زانکۆ تەواو بکەی، پێدەچی حەز و ئاواتی زیاترت بۆ ئەدەبیات و زمانی کوردی و فێر بوون هەبووبێ؟

**خەلیل موراد وەندی:** هەر واقیع وا بوو، لە سەرەتاوە دەمویست بچمە بەشی کوردی، هەرچەندە پرسییان بە خۆم نەکردبوو.

**ڕامان:** تۆ هەر بە بڕوانامەی دەرچوونەکەت و نمرەکانت لەوێ وەرگیرای؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، بەپێی نمرەکانم بوو.

**ڕامان:** زۆر چاکە، بۆ وەرگرتنت لە بەشی کوردیی کولێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، هیچ تاقیکردنەوەیەکی تێدا بوو کە ڕووبەڕوو، شەفەوی، یان بە نووسین و لەسەر دەفتەر وەڵام بدەیتەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، بۆ وەرگرتن ئەوەی تێدا نەبوو، بەڵام کە وەردەگیرای، دەمایەوە سەر خۆت، لەوێ چی بۆ زمانی کوردی دەکەی؟

**ڕامان:** مامۆستاکانت لە کۆلێژ، ئەوانەی دەرسیان بە تۆ گوتووەتەوە، لەبیرت ماون؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایانە کێ بوون؟ ئێستا ناوەکانت بیر دەخەمەوە، ئەوەی هەو بوو پێم بڵێ. دوکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ لەوێ بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ لەلامان بوو.

**ڕامان:** دوکتۆر مەعرووف خەزنەدار؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، ئەویش وانەی پێمان دەگوتەوە.

**ڕامان:** دوکتۆر ئیحسان فوئاد؟

**خەلیل موراد وەندی:** دوکتۆر ئیحسان فوئاد سەرۆک بەش بوو.

**ڕامان:** ئەو چوار ساڵەی خوێندن، بە نمرەی باش سەردەکەوتی و دەردەچووی؟

**خەلیل موراد وەندی:** بۆ نمرەی زۆر باش بەبیرم نایەت، بەڵام ئاستی خۆم ڕاگرتبوو، نمرەی باشم هەبوو.

**ڕامان:** کە خوێندنت تەواو بوو، هەستت کرد لەو چوار ساڵەدا سوودت لە خوێندنەکەت وەرگرتووە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بێگومان، دوایی کە چوومە قۆناغەکانی تر، هەموویم کۆ کردەوە، کە بریتی بوو لە پوختەیەک خوێندن، بەڵام قورس بوو.

**ڕامان:** ئەو کاتەی بۆ خوێندنی دبلۆمی باڵا چوویت، دیارە ئەگەر مووچەیەک، داهاتێکت نەبێ، ناتوانی درێژە بە خوێندنەکەت بدەی؟ ئینسان دەبێ بژێوی خۆی دابین بکات، ئەوجا مێشکی ساف دەبێ و دەتوانێ خۆی بۆ خوێندن تەرخان بکا؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئەو کاتە دەرسم بە قوتابیان نەدەگوتەوە، یەکسەر دوای تەواوکردنی خوێندنی کۆلێژەکەم، کەوتمە هەوڵی تەواوکردنی دبلۆمی باڵا.

**ڕامان:** یەکەم جار لە کوێ مامۆستا بووی؟

**خەلیل موراد وەندی:** لە چەند ناوچەیەک مامۆستا بووم، لەوانە ئامادەیی فەللوجەی کوڕان لە فەللوجە، لە سانەوییەکە مامۆستای کوردی بووم.

**ڕامان:** پێم خۆشە، ئاخر ئەوە هیی دوای دەرچوونتە لە کۆلێژی ئاداب و تەواوکردنی دبلۆمی باڵا کە دەبیتە مامۆستای سانەوی، دەنا دەکرایتە مامۆستای سەرەتایی.. لە بەغدا وەکوو گۆرانیبێژێکی ئێزگە وەرگیرای، لە پاش ئەوەی گۆرانیی (خۆشەویستەکەم)ت گوت، تۆ بوویتە کەسێکی ناسراو لە ئێزگەی کوردی، لە بوونە گۆرانیبێژی ئێزگەش مووچەت نەبووە، بەبێ مووچەی مانگانە بووە، زۆرتر بە پارچە کارت کردووە، واتە کە گۆرانییەکەت تۆمار کردووە بیست، بیست و پێنج دینارێکیان پێت داوە، هەر ئەوەندە بووە، بەڵام دەپرسم: ئایا لەو ئێزگەیەدا هیچ جارێک کۆرس نەبووی، لەپشت م. عەلی مەردان وەک کۆرس لەگەڵ قادر ئەحمەد و ئەحمەد شێخاڵی و ئەوانی دی ئەو کارە بکەی، ئەو کاری کۆرسەت بۆ م. عەلی مەردان کردبێ؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، من قەت کۆرس نەبووم، بەڵام وەک گۆرانیبێژ لەگەڵ تیپی ئێزگە، گۆرانیم لەگەڵ تۆمار کردوون، ئەو ئێزگەیەی سەر بە بەشی کوردییەکە بوو، بەڵام ئەوانەی لە ئێزگەی کوردی بوون، زۆر لە هونەری کوردیدا قووڵ نەبووبوونەوە.

**ڕامان:** دیارە ئەوانە زۆربەی هەرە زۆریان عەرەب بوون، لەناو ئێزگەی کوردی بوون، بێجگە لە م. عەلی مەردان و محەمەد قەدری زیاتر کێت ناسی؟

**خەلیل موراد وەندی:** محەمەد قەدری لەولا بوەستێ، شەماڵ سائیب، هەروەها مامۆستایان: (تاهیر تۆفیق) و (ڕەسووڵ گەردی)ش دەهاتنە ئێزگە.

**ڕامان:** ئەوانە کە بۆ بەغدا دەهاتن، زیاتر بە مەبەستی تۆمارکردنی گۆرانی دەهاتن، ئیتر وردە وردە هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی و ئەندامانی (تیپی مۆسیقای سلێمانی) دەهاتن، هەروەها تیپی مۆسیقای باواجی، سەردانی

ئێزگەیان دەکرد، تۆ ئەوانەت لەوێ دەدی؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، زۆربەی هەرە زۆریانم لەوێ دەدی.

**ڕامان:** هیچ جارێک عەرزیان نەکردی وەرە لەگەڵ ئێمە کار بکە، لەگەڵ تیپی ئێمە گۆرانی بڵێ، یان ئاوازت بدەنێ؟

**خەلیل موراد وەندی:** قسەکەت جوانە، بەدەگمەن گوتوویانە ئەو ئاوازە خۆشە بڵێ کە لەگەڵ دەنگت دەگونجێ، یان هەندێ جار تاک تاک پێیان دەگوتم وەرە ئەوەمان بۆ بڵێ، منیش دەمگوت باشە، بەڵام هەر ئەوەندە بوو، دواتر پێیان نەدەگوتمەوە.

**ڕامان:** کام تیپە زیاتر پێی خۆش بوو لێیان نزیک ببیتەوە، تیپەکانی مۆسیقای سلێمانی، باواجی، هەولێر، دهۆک، کامەیان زیاتر خولقیان دەکردی؟

**خەلیل موراد وەندی:** زیاتر تیپی مۆسیقای سلێمانی لێم دەهاتە پێش.

**ڕامان:** دواجار هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی، لە ئاوازدانان، پێشەکی مۆسیقایی، یان ئامادەکردن، ژەنین، کامەیانی بۆ کردی؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی لەگەڵ تیپەکەیان لە ئاهەنگەکاندا، مۆسیقای چەند کارێکی فۆلکلۆری بۆ ژەنیوم.

**ڕامان:** کام گۆرانییە بوو؟ ئاوازەکە هی خۆی بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا.

**ڕامان:** فۆلکلۆر بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، زیاتر فۆلکلۆر بوو.

**ڕامان:** ناوی گۆرانییەکەت لەبیر نییە، گۆرانییەکە ناوی چ بوو؟ ئەوەی کە لە فۆلکلۆرەوە بۆی ئامادە کردی؟

**خەلیل موراد وەندی:** نازانم، وەڵڵاهی ئێستا لەبیرم نییە.

**ڕامان:** دوایی خۆم تەلەفۆنێکی بۆ دەکەم و ناوی گۆرانییەکەی لێ دەپرسم، ئەوە گرفت نییە (پێوەندیم پێوە کرد، گوتی ژەنینی گۆرانی خۆشەویستەکەم و بەو بەو و فۆلکلۆری ناوچەی خانەقین بوو)، بەڵام پێم بڵێ ماوەی چوار ساڵی خوێندنت لە بەغدا، بە دوا ساڵی سانەوی و بەشی کوردیی کۆلیژی ئاداب و ساڵێکی خوێندنی باڵا، ئەو کاتەی کە خۆت چوویتە بەغدا و خوێندت، هەموو ئەو ساڵانە کەوتنە نێوان چ ساڵێک و چ ساڵێک؟

**خەلیل موراد وەندی:** ساڵی ١٩٦٥ تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٠، نزیکەی (١٥) ساڵ لە بەغدا مامەوە.

**ڕامان:** لەو ساڵانەدا کە لە بەشی کوردی بووی، لە ڕووی هونەرییەوە، چالاکییەکانت چەند زیادی کرد؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، ئەو ساڵانە چالاکییەکانم لەچاو خانەقین زۆر زیادی کرد.

**ڕامان:** لەبەر ئەوەی پێوەندیت لەگەڵ ئێزگە هەبوو، قاچێکت لە ئێزگە بوو، یەکێکت لە کۆلێژ و لەناو ئاهەنگەکان بووە؟

**خەلیل موراد وەندی:** کە لە بەغدا، یان هەولێر بووم، هەر ڕۆژێک بچووبام بۆ ئێزگە، دەیانگوت ئەوە خەلیل وەندی هاتووە و لێرەیە، پێشتر پێوەندییان پێوە دەکردم و دەیانگوت لە فلان ڕۆژ وەرە لامان.

**ڕامان:** تۆ کە دەچوویە ئێزگە، پێشتر کاتێکیان بۆ دادەنای گۆرانییان بۆ ببەی و تۆماری بکەی؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، پێشتر پێم دەگوتن ئەو گۆرانییەم بۆ ئامادە بکەن.

**ڕامان:** پێشوەخت نۆتەی گۆرانییەکەت بەوان دەدا؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەی شیعرەکە، دەبوو شیعرەکەش

بدرێتـە لیژنـەی پشـکنینی تێکسـت، دەزانـم ئـەو لیژنەیـەش لـە ئێزگـە هەبـوو.

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، زۆر ڕاستە.

**ڕامان:** گوتـت تـۆ لەنـاو ئێزگـە، زۆرتـر لـە کافیتریا دادەنیشتی؟

**خەلیل موراد وەندی:** لە کافیتریا دادەنیشتم.

**ڕامـان:** ئـاگام لـێ بـوو زۆربـەی ئەوانـەی ڕوویـان دەکـردە ئـەوێ، لـەو کافیتریایـە دادەنیشـتن، زۆر لـە عەرەبەکانیشـم لـە کافیتریاکـە دیتـووە، تـۆ لـە هونەرمەنـدە عەرەبـەکان لەگـەڵ کـێ زیاتـر نێوانـت خـۆش بـوو و گۆرانیبێـژی عـەرەب هەبـوون لێتـەوە نزیـک بووبـن و لەگەڵیـان دانیشـبی؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** چـی بڵێـم، ناوەکانیانـم لەبیـر نییـە.

**ڕامـان:** ناوەکانـت بەبیـرت بهێنمـەوە، لەوانەیـە بەبیـرت بێنـەوە، ئـەو هونەرمەندانـە وەک فـازڵ عـەواد، (فوئـاد سـالم)یش هەبـوو، ڕۆژگارێـک هەتـا ڕێیـان پـێ دابـوو، خەریکی گۆرانیگوتـن بـوو، دوایـی لەبـەر ئەوەی شـیوعی بـوو، ڕای کـرد و عێراقـی بەجـێ هێشـت، حسـێن نعمـە، ڕیـاز ئەحمـەد، حەمیـد مەنسـوور، قەحتـان ئەلعەتـار هەبـوون، تـۆ لەگـەڵ ئەوانـە نێوانـت هەبـوو؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** ڕیـاز ئەحمـەد دەنگـی خـۆش بـوو، کەسـێکی زۆر دەمـودوو خـۆش و موجامیـل بـوو.

**ڕامان:** خەڵکی بەسرا بوو.

**خەلیل موراد وەندی:** ئا، بەسراوی بوو.

**ڕامان:** نێوانت لەگەڵی خۆش بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، زۆر هاوڕێم بوو.

**ڕامان:** ئەدی ئەوانی دی، بۆ نموونە حسێن نعمە؟

**خەلیـل مـوراد وەندی:** پێوەندیـم لەگـەڵ حسـێن نعمـە بـاش بـوو.

**ڕامـان:** ئـەی یـاس خـزر هاوڕێـت بـوو، یـان ڕاگـوزەر دەتناسـی؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** لەگـەڵ ئەویـش هـاوڕێ بوویـن.

**ڕامـان:** بیسـتوومە زۆر هاوڕێی هونەرمەند سـەعدوون جابـر بووی؟

**خەلیل موراد وەندی:** زۆر لێیەوە نزیک بووم.

**ڕامـان:** باشـە ئـەوان پێشـتر گوێیـان لـە دەنگـی تـۆ بووبـوو؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** بەڵـێ، پێشـتر هەموویـان گوێیـان لـە دەنگـی مـن بـووە.

**ڕامان:** دەنگی تۆیان بەدڵ بوو؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** هەرچەنـدە ئاهەنگەکـە هیـی ئـەوان بـوو، بـەڵام نـاوی منیشـی تێـدا بـوو.

**ڕامـان:** لـەو ئاهەنگانـەی ئـەوان گۆرانیـت دەگـوت، بـە کـوردی چ گۆرانییەکـت گـوت؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** ئـا، زیاتـر ئامانجەکـەم گۆرانیگوتـن بـوو.

**ڕامـان:** دوای ئـەوەی لـە فەللوجـە دامـەزرای، کـە هاتیتـەوە بەغـدا یەکـەم قوتابخانـەی لێـی دەسـتبەکار بـووی نـاوی چییـە؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** هـەر لـە بەغـدا وەک مامۆسـتا لـە ئامـۆژگاری ئامادەکردنـی مامۆسـتایان مامـەوە، بـەڵام لابـەلا سـەردانی کوردسـتانم دەکـرد، ئیتـر مەرجیـش نییـە ببمـە گۆرانیبێژێـک هەمـوو شـتێک تۆمـار بکـەم، بـەڵام لابـەلا ئاوڕێکـم دەدایـەوە، تـا بزانـم دنیایەکـەم گەیشـتووەتە کـوێ.

**ڕامـان:** گوتـت سـەردانی کوردسـتانت دەکـرد، بۆچـی سـەردانت دەکـرد، بـۆ ئاهەنـگ و گۆرانیگوتن، یـان بـۆ چ مەبەسـتێک بـوو؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** زۆر جـار سـەردانی کوردسـتانم کـردووە بـۆ زانینـی کاتـەکان بـۆ ئەوەی بزانـم بـۆ گەڕانـەوەم گونجـاوە، یـان نەگونجـاوە.

**ڕامان:** لە چ لە ڕوویەکەوە بزانی گونجاوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** لە رووی سوودوەرگرتن لەو کەسانەی کە دەمدیتن، بۆ ئەوەی بزانم چەند دەتوانم لە رووی هونەرییەوە سوودیان لێ وەربگرم.

**ڕامان:** مەبەستت لە هونەرمەندەکانە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، هاوڕێ هونەرمەندەکانم.

**ڕامان:** ئەوجا تۆ کەی بە یەکجاری هاتیتەوە کوردستان؟

**خەلیل موراد وەندی:** کە شەڕی عێراق- ئێران دەستی پێ کرد، کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ بوو.

**ڕامان:** بە یەکجاری هاتیتەوە هەولێر؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئیتر کەوتیتە ئەوەی ببیتە مامۆستای ئامۆژگای ئامادەکردنی مامۆستایان، وا نییە؟

**خەلیل موراد وەندی:** نەخێر، یەکەم جار کە هاتمە هەولێر، لە سانەوی عەنکاوەی کوڕان دەستبەکار بووم.

**ڕامان:** وانەی مۆسیقات بە قوتابییەکان دەگوتەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** سوودت بە قوتابییەکان گەیاند؟

**خەلیل موراد وەندی:** بێگومان.

**ڕامان:** قوتابیت هەیە لەسەر دەستی تۆ پێگەیشتبێ و ناوی دەرکردبێ؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، زۆر قوتابی هەن.

**ڕامان:** وەکوو کێ؟

**خەلیل موراد وەندی:** لە سانەوی قوتابیم هەن وام لێ کردوون پاش ساڵێک لەگەڵ کۆمەڵێکی دی دەنگ بدەنەوە، هەندێکیش ئایندەیان لەپێشە، با بزانین کەی نەتیجەمان دەدەنێ.

**ڕامان:** دەکرێ بزانین ئەو قوتابییانەی پێت گەیاندن کێ بوون؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئێستا لەبیرم نەماون، بەڵام زۆرجار لە ڕێگەوبان ڕێککەوتی هەندێکیانم کردووە و خۆیان بە قەرزاری من زانیوە.

**ڕامان:** لە ئامادەیی عەنکاوەی کوڕان و لە پەیمانگەی ئامادەکردنی مامۆستایان و زانکۆی سەڵاحەددین و سۆران دەرست دەگوتەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** لەو شوێنانە هیچ یەکێک لە قوتابییەکانت لەبیر نییە، پێگەیشتبێ دوایی لە بواری هونەر ناوی دەرکردبێ؟

**خەلیل موراد وەندی:** تا ڕادەیەک لەبیرم نییە.

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ م. باکووری و نایف شێخانی چۆن پێک هاتبوون کە لە بنکەی مەقام ئیش بکەی؟

**خەلیل موراد وەندی:** لە بنکەی مەقام وەکوو چ لایەنێک؟

**ڕامان:** وەکوو لایەنێکی ڕەسمی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری، کە بایەخی بە کۆکردنەوە و ئەرشیڤکردنی مەقامەکانی کوردی دەدا.

**خەلیل موراد وەندی:** ئاخر ئەوان لەوێ مانەوە و دیراسەی مەقاماتیان تا سەر برد.

**ڕامان:** مەبەستت تا ئەو ڕۆژەی بنکەکەیان لێ داخستن؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئێوە لەو شوێنانەی مامۆستا بوون، قوتابییەکانتان فێری مەقامات دەکرد؟

**خەلیل موراد وەندی:** زۆر کەم.

**ڕامان:** لە بنکەی مەقام، مەقاماتی کوردیتان کۆدەکردەوە و دەبووژاندەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، مەقامە کوردییەکانمان دەستنیشان دەکرد، کە ئەوانە جنسی کوردین، ئەوانە ئەوها و ئەوها و ئەوهان.

**ڕامان:** ئەوجا دەرفەت هەبوو کاری لەو جۆرە بکەن؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئا، بەڵێ.

**ڕامان:** دەنگی کەسانی شارەزاتان تۆمار دەکرد؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، زۆرمان لێ تۆمارکردن.

**ڕامان:** ئەو دەنگانە ماون؟

**خەلیل موراد وەندی:** چیت عەرز بکەم، من ئاگام لێیان نەما.

**ڕامان:** لەناو مەقامەکان دەنگی خۆشتی تێدایە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، بێگومان.

**ڕامان:** ئەوانەی ئاوازت بۆیان داناوە، لە هەولێر، یان لە بەغدا و خانەقین کێ بوون؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئەوانە هەم لە خانەقین و هەم لە هەولێریش بوون، بەڵام لە هەولێر ژمارەیان کەم بوو.

**ڕامان:** هیچ ناوێکت لەبیر نییە، لەوانەی ئاوازت بۆ داناون؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئەوانەی لەو دوا دواییانە ناویان دەهات.

**ڕامان:** وەک زیاد ئەسعەد و ئەوانی دی؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئا، بەڵێ.

**ڕامان:** لە دەنگی ئەو لاوانە کامیانت پێ خۆشە، بە بەردەوامی گوێ لە کامیان دەگری؟

**خەلیل موراد وەندی:** چیت عەرز بکەم، نازانم بڵێم چی؟

**ڕامان:** دەنگی ئەو لاوانەی هەن کە بەدڵت بن کامانەن؟

**خەلیل موراد وەندی:** زیاتر حەز بە دەنگە تیژەکان دەکەم.

**ڕامان:** دەنگی نەرمیش هەن خۆشن، وەکوو دەنگی عەدنان کەریم، زیاد ئەسعەد، بەهجەت یەحیا، ئەیووب عەلی باشن، ئەم ناوانە دەهێنم وەکوو ناو بۆ بەبیرهێنانەوەیە، ئەوانە باشن، خەڵک دەنگی ئەوانەی پێ خۆشە، چونکە دەنگیان پڕ ئیحساس و ڕەسەنە. لە هەموو گۆرانیبێژەکانی پێش خۆت تاهیر تۆفیق، عەلی مەردان، حسێن عەلی، ڕەسووڵ گەردی و ئەوانە، زیاتر سوودت لە کامیان وەرگرت؟ وا بزانم زیاتر سوودت لە عەلی مەردان وەرگرت؟

**خەلیل موراد وەندی:** عەلی مەردان جیایە، ئەوە لە ئێزگە پێکەوە بووین، لە کۆلێژ دەچوومە لای و لەگەڵم ڕادەوەستا، گوێی لێ دەگرتم و قسەمی لێ وەردەگرت.

**ڕامان:** ئەی ئەوانی دی، هیچ سوودت لێ وەرگرتن؟

**خەلیل موراد وەندی:** وەکوو کێ؟

**ڕامان:** وەکوو ئەوانەی ئێستا ناوم هێنان، تاهیر تۆفیق، ڕەسووڵ گەردی، حسێن عەلی، کە زۆر برادەری هەردووکمان بوو، چەندان جار لە بەغدا پێکەوە دانیشتنمان بووە.

**خەلیل موراد وەندی:** با با، چۆن، زۆر سوودم لێیان وەرگرتووە.

**ڕامان:** ئاگام لێ بوو حسێن عەلی زۆر لێت نزیک بوو، ئۆتۆمبێلێکت هەبوو ناوی فیات پۆڵسکی بوو، چەند جارێک شەوانە بە یەکەوە دادەنیشتین و ئێمەت دەگەیاندەوە، ئەوەت لەبیرە، فیات پۆڵسکییان پێ دەگوت.

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، ڕەنگی فیات پۆلیسکییەکەم سەوز بوو.

**نەما خانی هەتا چیرۆکی عیشقی ئێمە داڕێژێ**
**دەنا هێشتا لە کوردستان دەژین زین و مەمێکی تر**
**(هێمن موکریانی)**

**ئەوە دوا وتەکانی بوو، بە داخەوە ڕۆژ بە ڕۆژ دۆخی بەرەو خراپی چوو، ئیدی نەمانتوانی درێژە بە قسەکانمان بدەین، ئەوە بوو لە ئێوارەی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١١/٢٦، چاوەکانی لێک ناو نەمبینییەوە.**